زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# باسێك لە ژیانی هونەرمەند مەحەمەد ماملێ

پێشكەش بە بەشی ( موزیك )كراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی موزیك.

ئامادەكراوە لە لایەن :

محمد عەزیز حمد

بە سەرپەرشتی:

مامۆستا هەژار ئەحمەد مستەفا

حوزەیران – 2020

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( باسێك لەژیانی هونەرمەند محمدی ماملێ )لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی نمدا لە زانكۆی صلاح الدین/ كۆلێژی هونەرە جوانەكان/ بەشی موزیك ، ئەنجام دراوە. بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستەكانی موزیك.پێشكەش بە ئةنجومةنی بەشی موزیك كراوە.

واژووی سەرپەرشتیار

مامۆستا هەژار احمد مستەفا

# پێشکەش

1- پێشکەش بەڕۆحی هونەرمەندی مەزن محمدی ماملێ.
2- سەرپەرشتیاری توێژینەوە بەڕێز مامۆستا هەژار احمد مستەفا کە پاڵپشتی هەموو هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوە بوو تا بە ئەنجام گەیشت.
3- هەموو ئەوکەسانەی یارمەتی دەرم بوون ولەگەڵم ماندوو بوون، بە تایبەت هاوڕیی زۆر خۆشەویستم مامۆستا بارزان اسماعیل.
4- پێشکەشە بەهەموو مامۆستایانی بەشی موزیك بەتایبەتم.ی. سروود فواد.
5- پێشکەشە بەم خوێنەرە بەڕێزانەی کە ئەم توێژینەوەیان دەکەوێتە بەردید و سوودی لێ دەبینن بەتایبەت قوتابیانی موزیك.
6- پێشکەش بە کتێبخانەی کۆلێژ و بەشی موزیك.

## سوپاس و پێزانین

توێژەر بە پێویستی زانی سوپاس وپێزانینی خۆی ئاراستەی ئەم کەس و لایەنانەی خوارەوە بکات.

1- مامۆستای سەرپەرشتیارهەژار احمد مستەفا کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەی کرد.
2- مامۆستایان(وریا ئەحمەد، نایف شیخانی، ئاراس کۆیی) کە چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوەیان لەگەڵم ئەنجام دا.
3- مامۆستایانی بەشی موزیك.
4- هونەرمەند و هاوڕێ و هاوپۆلەکانم کە یارمەتی دەربوون لە پێدانی زانیاری بۆ قۆناغەکانی ئەم توێژینەئە.

# پوختەی توێژینەوە

ئەمتویژینەوەیە کە ناونیشانەکەی پێکهاتووە لە باسێك دەربارەی ژیانی هونەرمەندی کورد ( محمدی ماملێ) لە چوارچێوەی چوار بەشی سەرەکیدا ئامادە کراوە.توێژینەوەکە بۆچوونە ناو بابەتەکە بە لاپەڕە بەراییەکان دەستی پێ کردووە کە توێژەر دوای بابەتە لاوەکیانی وەك بڕیاری سەرپەرشتیار و پێشکەش و سوپاس و پێزانین وپێشەکی پوختەی توێژینەوە و ناوەرۆکی توێژینەوە و هاتۆتە ناو بەشی یەکەمی تویژینەوەکە بابەتەکانی وەك کێشەی توێژینەوە و گرنگی و گرفت و ئامانج و شێواز و سنوورەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە کە تیایدا توێژەر هەریەك لەو بابەتانەی سەرەوەی بەوردی ڕوونکردۆتەوە، هەروەها لەبە شی دووەمی توێژینەوە کە بە سەر سێ باس دا دابەش کراوە لە باسی یەکەم کورتەیەك لە ژیانی هونەمەند، لە باسی دووەمژیانی هونەری هونەرمەند خراوەتە بەر باس، لە باسی سێیەم وتەی هۆزانڤان و هونەرمەندان سەبارەت بە هونەرمەندخراوەتەڕوو.

لە بەشی سێیەمداتوێژەرچەند گۆرانیەکی باوی هونەرمەندی ە مەبەستی ناساندنی تایبەتمەندی هونەرمەند لە هونەری گۆرانی ووتندا خستۆتە ڕوو کە هەڵساوە بە شیکردنەوەی بەشێك لە گۆرانییە باوەکانی هونەرمەند.

بەشی چوارەمیش وەك هەر توێژینەوەیەکی دیکە پێکهاتووە لە کۆتاییەك بۆ تویژینەوەکە پێکدێت لە بابەتەکانی دەرئەنجام و پێشنیارو راسپاردە و لیستی سەرچاوەکان و وێنەکان .

## ناوەرۆكی توێژینەوە


پڕیاری سەرپەرشتیار ............................................................. أ

پێشكەش ........................................................................ ب

سوپاس و پێزانین ................................................................ ج

پوختەی توێژینوە ................................................................ د

ناوەرۆك ........................................................................ ه

**بەشی یەکەم میتۆدی تویژینەوە** ح

پێشەکی ......................................................................... 1

کێشەوگرفتی توێژینەوە ........................................................... 3

گرینگی تویژینەوە ................................................................ 4

ئامانجی تویژینەوە ............................................................... 5

شێوازی تویژینەوە ...............................................................6

سنوری تویژینەوە ................................................................7

**بەشی دووەم ژیانی کۆمەڵایەتی، هونەری و تێڕوانینی هونەرمەندان سەبارەت بە هونەرمەند**

باسی یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی ماملێ ....................................... 8

باسی دووەم: ژیانی هونەری ماملێ ............................................. 12

باسی سێیەم تێڕوانینی هونەرمەندان و شاعیران سەبارەت بە ماملێ

هێمن موکریانی ................................................................ 16

شاروخی ................................................................ 20
عەدنان کەریم ................................................................ 23
عەباسی کەمەندی ................................................................ 24
وریا احمد ................................................................ 24
حامید کاکیلی ................................................................ 29
ئاراس کۆیی ................................................................ 31
نایف شێخانی ................................................................ 33

## بەشی سێیەم شیکردنەوەی چەند گۆرانییەکی ماملێ

گۆرانی نایلۆنە ................................................................ 35
گۆرانی بلوری شوان ................................................................ 36
گۆرانی چەند جوانە ................................................................ 37
گۆرانی یادی بەخێر ................................................................ 39
گۆرانی زێنەبێ ................................................................ 40
گۆرانی دەنگی قوڵنگان ................................................................ 42
گۆرانی ماڵی بابم بێ وەفا ................................................................ 43
گۆرانی بابچینە نێو شلێران ................................................................ 45
گۆرانی سەر لە سەرڕانی ................................................................ 46
گۆرانی مەستورەی ئامان ................................................................ 47

## بەشی چوارەم ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنییار و لیستی سەرچاوەکان

ئەنجام ........................................................................... 49
پێشنییار ........................................................................ 50
ڕاسپاردە ....................................................................... 51
لیستی سەرچاوەکان ......................................................... 52

# بەشی یەکەم
# میتۆدی توێژینەوە

پێشەکی

کێشەی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە

شێوازی توێژینەوە

سنوورەکانی توێژینەوە

# پێـــــشەكــى

بێگومان ڕەنگە هیچ سەرچاوەیەكی سەلمێنراو نەبیت كەلە سەرەتای سەرهەڵدانی موزیك و گۆرانی بە تەواوی كۆلیبێتەوە خۆ ئەگەر هەش هەبێ، جگە لەچەند ئەفسانەیەك زیاتر نینئەمانەش لەڕووی زانستییەوە پڕوا پێنەكراون، بەڵام دەتوانین بڵێین لە وەتەی مرۆڤ بوونی هەیە، موزیك و گۆرانیش هەیە .فەیلەسوفی بلیمەتی یۆنانی فیسا گۆرس (600) ساڵ بەر لەزاین گوتویەتی (ئەم جیهانە ژمارەو ئاوازە) كەمەبەست لەم ژمارە و ئاوازە، ئەو بەرنامە رێكو پێكە و وردو شاراوەیە كە لەهەموو دەرفەت و كاتێك هەستی پێ ناكەیت.

موزیك و گۆرانیش دەتوانین بەدوانەی یەكتریان دابنێین كە لەئاوێتەبوونیان مرۆڤ چێژی زیاتر دەبینێ . هەر لەبوونەوە مرۆڤ پەی بە موزیك و گۆرانی بردووە پێش ئەوەی هیچ شتێكی لێ زانیبێت، بەڵام بەدووبارەكردنەوەی دەنگەكانی دەورووبەری یان بەدەرخستنی وشەكانی دڵی بەشێوەیەكی ڕیتمی یا هەستێكی جیا لە گفتوگۆ. ئەم جۆرە كردارانە وردەوردە لەگەڵ مرۆڤ بەردەوام بووە تەشەنەی سەندوە تا دەگاتە هەستكردن بە ڕیتم و جیاوازی دەنگ، ئەمانە بەردەوامی پەرەی كێشاوە تا ئەو كاتەی موزیك و گۆرانی تێكەڵ بەروحی مرۆڤ بووە و مرۆڤ هەستی خۆی بە بەخۆشی و ناخۆشی پێ دەرپڕیوە لێرەوە موزیك و گۆرانی تێكەڵ بە ئایین دەبێ و لە پەرستگاكان بۆ پەرستش بەكارهاتووە . تا دەگاتە نوسینەوەی موزیك كەلەلایەن (جی دار ترو 990 – 1050)ز. كە گریكۆرەیەكی گەورەی لە موزیك كردووە ئیتر لێرەوە موزیك و گۆرانی تێكەڵ بەهەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگە دەبێ و ئەمەش بەدڵنیاییەوە بەچەندین (عصر ) چاخ دا تێپەڕیوە و كە هەریەكەیان گۆڕانێكی گەورە پێی بەخشیوە.

كۆنفۆشیۆس:

دەڵێ ( گەر دەتەوێ پلەی پێشكەوتن و شارستانی هەر گەلێك بزانیت، گوێ لەموزیكەكەیان بگرە).كەواتە گەر موزیك دیاردەیەكی شارستانی بێ، ئەوە كوردیش بەدەر نییە لەم شارستانیەتە. بێگومان كوردیش خاوەن مێژوویێكی زۆر دێرین و لەبن نەهاتووە و خاوەن چەندین سەردەمە، هەروەها چەندین بلیمەتە كەتوانیویانە موزیكو گۆرانی بەرەو پێش بەرن كە لەهی كەس نەچێ و

هی کەس لەکورد نەچێ،بەراستی ئەمە جێگای شانازییە کەخاوەن موزیك و گۆرانی و ئامێری تایبەت بەخۆمانین، هەروەها ئامێری موزیکمان هەیە کە بەبێ هیچ شتێك موڵکی کوردن و کەسیش

ناتوانی نکۆڵی لە کوردبوونی ئەم ئامێرانە بکات.جا ئەوەی من حەزدەکەم ئاماژەی پێ بدەم لە سەردەمێکە نزیك لە سەردەمەکەی خۆمان کە سەردەمی ( سەید علی ئەسغەر – علی مەردان – حەسەن زیرەك تاهیر تۆفیق )هتد... دەیان بەهرەمەندی تر کە بەراستی هەریەکەیان قوتابخانەیەك بوون بۆ نەوەکانی دوای خۆیان، لەناو ئەو بەهرەمەندانەی کەباسمان کرد بێگومان ( محمدی ماملێ ) یەکێکە لەئەستێرە هەرە گەشاوەکانی موزیك و گۆرانی کوردی و یەکێکە لەکەسە شانازی پێکراوەکان کە قوتابخانەیەك بووە تا ئێستا

## کێشـەی توێژینەوە

1- لە ڕووی سـەرچاوە بەداخەوە بە شـێکی زۆر لە سـەرچاوەکان دووبارە بوون لە ڕووی زانیارییەکانیان ئەوانی دیکەش وەك پێویسـت سوودم لێیان بینیوە.

2- بە هۆی ئەوەی زۆربەی گۆرانییەکانی مامڵێ مەجلیسـین، بە کەمی لە سـتۆدیۆ کاری کردوە. بۆیە گۆرانیکان کە دەسـتم کەوتن زۆربەیان شـێوەیەکی کوالیتی بەرز و سـەردمییانەیان نەبوو،جگە لەمەش هەرگۆرانییەك بە چەند شـێوازی جیا وتراوە، بۆیە نووسـینەوەیان ئاسـان نەبوو و لە هەر شـوێنێك بە شـێوازێکی جیاواز ژەندرابوون، بۆیە بەشـێك لە نۆتە بەردەسـتەکان هەڵەیان تیابوو کە ئەمانەش هەموو گرفت بوون لە بەردەم توێژەر.

3- زۆربەی ئەو کەسـانە ی کە هاوتەمەنی هونەرمەند محمدی مامڵێ بوون لە ژیاندا نەماون ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدەم کە ئەمەش کاری توێژینەوەکەی تاڕادەیەك قورس کرد.

4- لە بەر ئەوەی هونەرمەند خەڵکی کوردسـتانی رۆژهەڵاتە، بۆیە بە ئاسـانی نەمتوانی بەو کەسـانە بگەم کە لە هونەرمەندەوە نزیکن، یاخود خزمی پلەیەکی هونەرمەندن، بۆیە ناچاربووم سـود لەو کەسـانە وەرگرم کە لە هەولێر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاشـنایەتییان لەگەڵ هونەرمەند.

## گرنگی توێژینەوە

1- وەك سەرچاوەیەك دەتوانرێت كتێبخانەی كوردی پێ دەوڵەمەند بكرێت
2- ئاشنابوونی چینی گەنجانو نەوەی نوێ بە هونەر و گۆرانی ڕەسەنی كوردی
3- بە نۆتە كردنی هەندیك گۆرانییەكانی هونەرمەند محمدی ماملێ.
4- خستنەڕووی زۆربە ی وتەی ئەو كەسە دیارانەی كە قسەیان لە سەر ئە و هونەرمەندە كردووە.
5- دەرخستنی توانای مامڵێ لە چڕینی قەتاردا.
6- ناساندنی خێزانە هونەرییەكەی مامڵێ جگە لە خۆی.
7- ناساندنی توانای مامڵێ لە ڕووی مەقام زانی و بەهرەمەندییەوە.

## ئامانجی توێژینەوە

مرۆڤ لەهەر جوڵانەوەو کردارێکمان چەند ئامانجێکی تایبەت و چەند ئامانجێکی دیکەی گشتیمان هەیە. ئەم توێژینەوەش چەندان ئامانجی گرنگی هەبوو کە گرنگترینیان لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

1- دەوڵەمەند کردنی خۆم لە ژیان و تایبەتمەندی گۆرانییەکانی مامڵێ وەك هونەرمەندێکی گەورە کە باسی لێوە دەکرا.
2- دەوڵەمەند کردنی قوتابیان و شارەزاکردنیان لە ژیان و هونەری مامڵێ.
3- ناساندنی تایبەتمەندنی ئەو جۆرە قەتارەی کە مامڵێ پێی بەناوبانگ بوو، دەرخستنی جیاوازیەکەی لەگەڵ قەتاری ناوچەی گەرمیان.
4- ئاماجێکی تریشم لەم توێژینەوەیە ئەوەیە هیوادارم لایەنی کەم قوتابیانی دەوروبەرم وەك خۆم ئاشنا بکەم بەم هونەرمەندە رەسەنە . کەبەرای من ئەرکی هەموو کەسێکە کەماندووبوون و خۆراگری ئەم هونەرمەندە بزانێ کەبۆ کورد جێگای شانازییەو ئەمەش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی دەتوانین بەڕووی جیهانیان بناسێنین و بڵێین ئێمەش خاوەن رەسەنایەتی و کەلتوری دەوڵەکەمەندی خۆمانین.
5- نوسینەوەی نۆتەی هەندێك لە گۆرانییەکانی و شیکردنەوەیان.

## شـێوازی توێژینەوە

توێژینەوەکەوەصفی و شـیکارییە.

## سنورەکانی توێژینەوە

1- سنووری کاتی ساڵی 2019- 2020

2- سنووری جوگرافی کوردستانی ڕۆژهەڵات شاری مهاباد.

3- سنووری مێژوویی  1925- 1999ز.

4- سنووری بابەتی (لێکۆڵینەوە لە ژیانی هونەری  محمدی مامل ێ) .

# بەشی دووەم

## ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری ماملێ و تێڕوانینی هونەرمەندان و شاعیران سەبارەت بە ماملی.

# باسی یەکەم

# ژیانی کۆمەڵایەتی ماملی

## یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتیماملی.

محمد مامليّ لەساڵی (1304) هەتاوی بەرامبەر ساڵی ( 1925) ز لەکوردستانی ئێران لەشاری (مەهاباد) لەگەرەکی (خڕێ ) لەدایك بووە.ئەگەر چی لە هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەگەرەکی (هەرمەنییانی)کراوە.ناوی تەواوی (محمدی کوری سەعیدی کوری علییە) خوێندنی سەرەتاییلەقوتابخانەی (پەهلەویسەعادەت) تەواو کردوە ونازناوی (ماملێ) ی لەباپیریەوە بۆ ماوەتەوە. وەك خۆی ڕوونی کردۆتەوە و وتویەتی باوکم نەخوێندەوار بووە، کاتێك سەر ژمێری گشتی هاتووە لەباوکیان پرسیوە ناوی خۆت و باوکت ئەویش وتویەتی (سەعید مام علی) ئەوانیش نوسیویانە (سەعید ماملێ) چونکە فارس پیتی (ع) لەقسەکردن بەکارناهێنن ئیتر لە وێوە بەدواوە خەڵك بەماملێ بانگیان کردوە.لەسەرچاوەیەکی دیکە وا باسکراوە کە نازناوی (ماملێ) لە (سەعید مامعلی) باوکی ماوەتەوە. چونکە باوکی لە لای خەلك زۆر خۆشەویست بووە، لەچەندەها کۆڕی شەوان بەو دەنگە خۆش و زوڵاڵەی گۆرانی چریوە. بۆتە بنیشتە خۆشەی ژێر دەمی خەڵکی، بۆیە بەگران هاتووە بۆیان کورتیان کردۆتەوە بۆ (ماملێ) کە پێك هاتووە لەئەنجامی لێکدانی هەردوو وشەی (مام) و (علی). ( ئەیوبییانی. سید عەبدوڵڵا،2012، ل.22).

(محمد ماملێ) وەك خۆی ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ:- هەر لەدێر زەمانەوە باوك و باپیرم دەنگ خۆش و گۆرانی بێژ بوون، من و براکانیشم بەهرەی دەنگ خۆشیمان لە (سەعید ماملێ) باوکمان کە لە نێوان ساڵانی ( 1887-1941ز) ژیاوە بۆ ماوەتەوە. بنەماڵەی (ماملێ) بەتایبەتی (سەعید ماملێ) و (محمد ماملێ) هەمیشە هاتووچۆیی خانەقایی (شەمزینان) یان کردووە بنەماڵەی ماملێ هەموویان (موریدی خانەدانی مهری) بوون. خوالێی خۆش بێ (سەعید ماملێ) لەگەڵ هاوەڵە هاوموریدەکانی وەك (قادری حەلاوی، سەید حەسەنی کابانی و مەلیبی عابید) لەساڵی (1882) کە شاعیری گەورە وەفایی لە (خانەقاینی شێخی نەهری) گەراوەتەوە (مەهاباد) و لەخانەقایی (شەمزینان) بووکۆمەڵێك بوونە لەدەنگ خۆشەکانی خانەقاولای شاعیری گەورە (وەفایی) مورید بوونەو شاگرد و فێرخوازی ژێر دەستی ئەو بوونە. ئەوانیش نەك هەر لە ڕۆژەپیرۆزەکانی ئاییندا لەخانەقای (شەمزینان) بەڵکو لە ڕۆژەکانی دیکەش لەدەرەوەی خانەقا هۆنراوەی (وەفایی) شاعیریان لاواندۆتەوە. ( ڕەسوڵ.شوکرییە، 2009، ل 46).

ماملێ دوو مامی بە ناوەکانی (رەحمان، رەحیم )هەبوو. (رەحمان)نابینا بوو رەمەزانان لەپێش مزگەوتی سور سەڵاواتی لێدەدا و سەدایەکی زۆر خۆشی هەبوو. بنەماڵەی کە پێك دێنلە (مامڵێ، مام رەحمان، رەحیم، میرزا حوسێن،محمد، هاشم، موتەلیب، جەعفەر و تووبای خوشکیان ئێواران کۆدەبوونەوە گۆرانیان دەوت.دواتر مام (رحمان) بەهۆی سەختی باری ئابووری ژیانی لە مەهابادەوە هاتۆتە قەڵادزێ‌لەوێ بە هۆی خۆشی دەنگی دانیشتوانی قەڵادزێ ئەوانەیهاوسێی بوونە شەویان چونەتە مەجلیس و ماڵی تا درەنگانی شەو خەریکی گۆرانی چڕین دەبوو بۆیان. (ڕەحمان مامڵێ) کورێك و کچێکیهەیە. بە ناوەکانی (سەعید، ئامینە) لەساڵی (1953) لەقەڵادزێ کۆچی دوایی کردوە وە لەوێش نێژراوە.  لەزۆر کەس بیستراوە کە (سەعید مامڵێ) لەگەڵ (سەعیدعلی ئەسغەڕی کوردستانی) کە لە ساڵی (1932)هاتۆتە موکریان لەباغی (میرزا شەریفی حاجی رەشید) گۆرانییانبۆ خەڵکی مەهاباد وتووە. (مامڵێ) خۆشی ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ لەناوەراستی ساڵانی (1930–1937) لەهاوینێکدا خەڵکی شاری مەهاباد(سەیدعلی ئەسغەر) یان بانگهێشت کردووە لەو بانگهێشتەدا (سەعیدی مامڵێ) گۆرانی لەگەڵ سەید علی ئەسغەر دا وتووە (سەید) ئەوەند دڵبەستەی دەنگی سەعیدی مامڵێ بووە دوای هەربەندەیەکی گۆرانییەکانی (سەعیدی مامڵێ) ی ماچ کردوە. جارێکیان سەعیدی مامڵێ دەچێتە باغی (خەلیل مەچەی) کە ( سەید علی ئەسغەر ) لەوێ دەبێ سەعید مامڵێ نازانێ ئەو لەوێیە ئەم گۆرانیە دەڵێ.

هەر بێوە ژنێکی شاڵ کرمانی بێ

حەوسەد گەورە کچ بەقووربانی بێ

(سەید علی) کەئەمە دەبیستێ دەست دەکا بەگۆرانی و دەڵێ

هەرگەوە کچێکی تازە دەگاتێ

حەوسەد بێوەژن سندانی گاتێ

(سەعید مامڵێ) بەپەلە دەچێتە لای یەکتری ماچ دەکەن و (سەید علی ئەسغەر) دەڵێ (سەعید مامڵێ) بەخوا زۆرعاشقی دەنگی تۆم. (سەعیدی مامڵێ) هونەرمەندێکی یەکجار دەنگ خۆش  بووە. بەڵام بەهۆی باری ئەو سەردەمە و چەند هۆکارێك بەداخەوە هیچ بەرهەمێکی لەدوای بەجێ

نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ کەقوتابخانەیەك بووە بۆ کورەکانی بەتایبەت (محمدی ماملێ) هەربەم هۆیەشەوە(محمد مامڵێ) دەلێ باوکم نەخوێندەواربوو تەواوی ئاهەنگەکانی (وەفایی) دەگوت هەرئەویش منی فێری گۆرانی گوتن کرد و بەهەمووومان پەنجەیەکی ئەو ناهێنین . چونکە باوکم بە ئەشق و ئاماناتەوە ئاوازە تایبەتییەکانیناوچەی (سابلاغ) وکوردەواری فێرکردووین ئێمەش وەك قەرزێکی مێژوویی بەگەنجینەی گۆرانی و مۆسیقای ڕۆژکاری خومانی دادەنێین و من هەرکە جاومکردوتەوە خوم لەمەجلیس وکورانی و ئاوازیکوردی دیوە. کە باوکم لەماڵی خومانیان لەماڵی دۆستانیدا سازی کردووە و من وبراکانم لەخزمەتیدابووین. ئیترهەر لە سەرەتایی منداڵیمەوە کوێچکەم بە پاکترین کورانیو ئاواز کوردی زرنگاوە و وردە وردە کورانیەکانی سنکی باوکم گەیشتۆتە من. منیش وەك هەر منداڵیك کە لاسایکەرەوەی گەورەکانی دەوروبەرمم. لاسایی باوکم کردەوە و گورانی و موسیقابوونە رەوشت خۆراکیژیانم.بۆیە بۆئەوەی ژیانم خۆراکی گۆرانی لێ نە پڕێت بەردەوام گۆرانی و ئاوازیتازە ژیانم پرو تازەبکەمەوە خوشم هەوڵم داوە گۆرانی و ئاوازی تازە لە دەوروبەرمپەیدابکەم.(مامڵێ) لە خێزانێکی گەورە و قەڵەباڵغ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە کە خاوەن پێنچ براوپەك خوشکەبراکانیشی ناویان (حوسین، محمد، هاشم، جەعفەر) کە ناوی ئەوی دیکەیان نەمتوانی دەست کەوێ وە خوشکێکی بەناوی (توبا). لەساڵی (1944) یەکەم ژنی بەناوی(خەیاڵا) دەهێنی پاش کوڕوکچێك خەیاڵای خێزانی بەنەخۆشی (سیل)کۆچی دوای کردووە.دواتر لەساڵی (1952ز) خێزانی دووەم دەهێنی بەناوی (نوسڕەت) لەدوایی یازدە ساڵ لە دوایدووکوربەناوی (خەسرەو، خالید) لەیەکترجیادەبنەوە. لەساڵی(1963) دا، مامڵێ ژنی سێیەم بە ناوی (ئامینە) دەهێنی کە پینج کورو دوو کچی هەیە. ناویکورەکانی(عزیز، خەسرۆ، چالاك، وریا، نەجات)کچەکانی (شەونم، خوبی)هاوسەری (مامڵێ) ئامینەخان زیاترلە(40) ساڵ لەکەڵ مامڵێ دا ژیاوە و شانازی بەخۆیەوە دەکات کە خێزانی پیاوێکی وەکئەو هونەرمەندەیە، ژیانی خۆی لەکەڵمامڵێ بە خۆشترین ساتەکانی ژیانی دا دادەنیت پاش وەفاتی مامڵێدەڵێ (گەرچی خەڵکی ڕیزو حورمەتێکی باشمان لێ دەگرن بەڵام هەمووی ناکاتە ئەوەی کە مامڵێمان لەگەل نیە (ئامینە)خان وێنەیەکی(مامڵێ)ی هەمیشەلە مل دایە وەك خۆشەویستێکبۆ ئەوهاوسەرەی کە ساڵانێك لەگەلیدا ژیاوە و شانازی بەوەوە دەکات.(مامڵئ) خۆی گوتویەتی ئەوەندە ئاشنای گورانیەکانی (ڕەفیق چالاك) بووە لە خۆشەویستی ئەو کورێکی ناوناوە (چالاك)، دەلێ وەك چۆن

باوکم من و براکانمی فێری گۆرانی چڕین کردووە منیش ئاوا کوڕە کانم فێری گۆرانی کردوە.زۆر گرتە  ڤیدیۆ هەیە لەو سەردەمە ماونەتەوە کە(ماملێ) لەکەڵ کوڕەکانی دانیشتوە و تەمرینی فێربوونی گۆرانی وتنیان پێ دەکات و لەگەڵیان لەمەجلیسدانیشتوە وگۆرانیان لەگەڵ دەڵێ (حسین.مەحەمەد، 1983، ل27).

# باسی دووەم

# ژیانـــــــــی هونـــەری مــاملێ

## دووەم: ژیانـــــــی هونـــەری مـــامـلێ

(ماملێ) لەبنەماڵەیەکی هونەرمەندو دەنگ خۆش و مەجلیس داردا لەدایك بووە.لەمنداڵییەوە گوێچکەی بەپاکترین گۆرانی و قەتاری کوردی زرینگاوەتەوە، باوکی و مامی و براکانی دەنگ خۆش بوونە. بەڵام (ماملێ) لەناو هەموو بنەماڵەکەی دەردەکەوێ هونەمەندێکی جیاوازی لێدەردەچێ. (حەمەباقی، مەمەمەد، 2011، ل51).

هەرلەچوارچێوە بنەماڵەکەی لەخزمەت بابی و میرزا حوسێنی برای تێپەردەکات، لە پاشانئەو سنورە بنەماڵەییە بەجێ دەهێڵێت و دەگات بە جێگایەك کەنەساردی ڕۆژگارنەهەژاری ونەداری دەتوانن پێشی لێبگرن،نەجوان چاکی و ناوبانگ و دەنگ خۆشی و شارەزایهەڵی دەفرێنن. هەر لێرەشەوە (ماملێ) بناغەی هونەرەکەی خۆی لەسەر شێوازی ڕەسەنایەتی دەرێژێ، بەرەو لوتکە هەنگاو دەنێ. دەبێت بەکەسێك کەگەڵی کورد شانازی پێوەبکات، دەنگ خۆشی و شارەزایی قوتابخانەیەکی تایبەت دەدات بەهونەرەکەی دەیکات بەکەرەستەیەك بۆ درێژە پێدانی ڕێگای پرلەهەورازونشێوی ژیانی هونەری خۆی. بۆ دەوڵەمەند کردنی گەنجینەی گۆرانی فۆڵکلۆریکوردی ساتێ ناوەستێ تا ئەو جێگایەی لەدەستی دێ خزمەت دەکات. بەهۆی ئەو بنکەیەی کەلەناخی دایە بەرامبەر بەهونەرەکەی لەلایەك، بەخت کردنی ژیانی بۆ فەرهەنگ وئەدەبی نەتەوەکەی لەلایەکی دیکەوە.ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی و شێوازێکی سەربەخۆی لەهونەرەکەیدا داگیرکردووە ،لەژیانی هونەریدا توانیویەتی ڕێچکەو ڕێبازێکی وا گەڵالە بکات کە نەئەو لەکەس چووە نەکەسیش دەتوانی وەك ئەو بێ. بۆیە سەرنجی زۆربەی خەڵك و هونەرمەندانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بەدەنگ خۆشی و هەوڵ و شارەزایی خۆی بۆتە ئەستێرەیەکی گەشاوەلە ئاسماتی هونەری گۆرانی کوردی دا.(ماملێ) لەسەرەتای ژیانی هونەری خۆیدا یەکەم گۆرانی کە بەفەرمی خوێندویەتی و پێیداهاتۆتە نێو دونیای هونەری گۆرانی لەساڵی (1938) یریتی بوو لە گۆرانی (ڕۆیی بەجێی هێشتم). کە ئەمە ئەو سەرەتا هونەریە بوو کە (ماملێ) تا دوا ساتەکانی بەهەموو زەحمەتەکانی رازی بوو وەلێ ی دانەبرا. (ماملێ) تیپێکی مۆسیقای تایبەت بەخۆی هەبوو

کەزۆربەی کات لەگەڵ خۆی بوون، زۆریش هاورێ و خۆشەویستی (ماملێ) بوون. ئەوان لەبەرژەوەندی لەگەڵی دانەبوون بەڵکو لەپێناو ئەوهونەرەبەرزەدا لەلایەك و لەلایەکی دیکە (ماملێ) مرۆڤێك بووکە قەدری خەڵکی زۆر دەگرت هەمیشە بەدڵێکی گەورەو ڕووەکی خۆش مامەڵەی لەگەڵ خەڵك دا دەکرد.زۆربەی کارە هونەریەکانی لەمەجلیسدا تۆمارکردووە لەگەڵ (ڕەشید فیزی نەژاد) و تیپەکەی بەئامادەبوونی دۆستان و ئاشنایانی لەماڵی (کەریمی تەڵایی) و ماڵەکەی خۆیی تۆماری کردوە. هەموو هونەرمەندان وهونەر دۆستان گوێ بیستی گۆرانیەکانی (ماملێ) بوونە ئەو دەنگو ئاوازە بەسۆزە لەسەرەتای دەستپێکردنی و لەتافی لاویدا ووتویەتی مەودای دەنگی لەسەر تۆنی ( سی ) بۆ سەروتر بووە، زۆر لێزان و وەستایانە بەکاری هێنایەوە. گۆرانیەکانی لەبواری (ڕیتم) زیاتر خۆی لە ڕیتمی گران دۆزیوەتەوە، وەك ڕیتمی سێ چوار لەگۆرینی ڕیتمیش دا زۆر سەرکەوتوو بووە. (ماملێ) وەك ڕوونم کردەوە زۆربەی گۆرانیەکانی لەمەجلیس تۆمارکردووە کەمتر چووە بۆ ستتۆدیۆ. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە یەکەمیان لەم بەسەر هاتە بۆمان دەردەکەوێ.لەڤیستیڤاڵی ساڵی (1972) ز لەشاری شیرازکرا زۆر هونەرمەندی گەورەی ئێران بەشداریان تێداکردبوو میوانێکی زۆرو بێگانەشی لێبوو. (ماملێ) دەڵێ لەڤیستیڤالەکەدا دوو مۆسیقا ژەنەکەی خۆم لەگەڵ تیپی مۆسیقای تری هاوبەش بەراورد دەکرد هەڵم دەسەنگاند. سەرەڕای بێ بەش بوون و دڵتەنگی دەست کورتی لەو ئیمکنیاتە. زۆرجار وام لێ دەهات لەخەفەتان پێبکەنم. بەتایبەتی ئەو دەمەی کە نۆرەی من بوو بچمە شانۆ بەڕاستی زۆرنارەحەت بووم کەسەیری دەورووبەرم دەکرد هەژاریوو بێبەشی تیپەکەمان هەر دڵم دابوو. لەگەڵ ئەو هەموو ئەمانەش دادیسان (ماملێ) تووانی لێهاتوویی خۆی بەبەشداران و لیژنەو میوان و گوێگرەکانی بسەڵمێنێ وبەگۆرانی (شیرەکەم لێ دەرژێ مەم کوژە تۆ گەردەنی خۆت) خۆی لەشانی زۆرهونەرمەندان بەشدار لەڤیستیڤاڵ تێپەرێنێت و سەرنجی بەشداران بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و هونەری کوردی بەبێگانان ئاشنا بکات ولەگەڵ ئەوکەم و کورتییەی کەلەکەمی ژەنیاران دا هەبووە (ماملێ) توانی (دووەمی) ڤیستیڤاڵ بۆخۆی دەستەبەر بکات. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە(ماملێ) هۆی نەبوونی ژەنیاری باش هەمیشە کێشەبووە لەلایەك لەلایەکی دیکەنەبوونی بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت

لەستۆدیۆکان کارەکان بکات دووەمهۆکاریش. (ماملێ) هەمیشە مەهابادی خۆشویستووە،هەرگیز حەزی نەکردووە کە لێی دورکەوێتەوە هەموو ژیانی خۆیی هەر لەوێ بەسەر بردووە. (ماملێ) لەستۆدیۆ چەند کارێکی کردووە ئەویش لەستۆدیۆکانی (تاران، سنە) بەڵام لەوێش دیسانەوەنەبوونی ژەنیاری باش کاریگەری لەسەر گۆرانیەکانی هەبووە. بۆ نمونە گۆرانی هەیە سێ چوار لێدراوە، لەکاتی گوێبیستنی بە ڕیتمی پێنج هەشتدەکەوێتە بەر گوێ.ڕیتمی پێنج هەشت و دە شازدە دوو ڕیتمیرۆژهەڵاتین و ئەم شێوازەش زیاتر لەعێراق بەکاردەهێنرێت و دیسانەوە جۆری تۆمار کردنەکەی یاخود ژەنیارەکان هۆی ئەم جۆرە هەڵەن ئەوەش دەگەرێتەوە هۆی نەبوونی هەستی کوردەواری و کەمی شارەزایی لەهونەری ئەکادیمی مۆسیقا. لەگەڵ ئەوەی کە (ماملێ) لە ڕووی مادی و ژەنیارو کەرەستەی پێویست و کەم و کوری هەبووە. بەڵام هەردەم هەوڵی بەرەو پێشەوە چوونی داوەو هەرگیز قبوڵی ڕاوەستانی لەکاروانی هونەری دانەبووە. (ماملێ) کەسێك بووە تەنیا کاری گوتن نەبووە بەڵکو خۆی هەردەم بەمۆسیقا و ئاوازەکانەوە خۆی ماندو کردوە شتێك گەر زۆر بەدڵی نەبا قبوڵی نەدەکرد هەمیشە شێوەی ژەنینی ئاوازەکانی وەك خۆی ویستووە کەم و کوری ڕەت دەکردەوە (ماملێ) هەستێکی مۆسیقی و گوێیکی مۆسیقی هەبووە لەمەقام دا زۆر باش شارەزا بووەو مەقامەکانی باش ناسیوەتەوە. لەڕووی تۆنەوە (ماملێ) بۆی فەرق نەدەکرد کە لە تۆنێکی بەرز (جواب) یان لەتۆنێکی نزم گۆرانی بڵێت یان قەتار یان گۆرانیەکی هەڵپەرکێ. کەئاوازێکی وەفایی بلێ یا لاوکێك بلێ. بەڕاستی ئەمە نیشانەی بەهرەمەندە ماملێ دەردەخات.جگە لەمانەش دوو خاڵی زۆر گرنگ لەژیانی هونەری (ماملێ) دا بەدی دەکرێت.ئەویش قەتاربێژێکی واشارەزابووە کەشێوازێکی تایبەت بەخۆیی هەبووە بەجۆرێك لەگەڵ قەتارئاوێتە ببو کاتێ ناوی قەتار دەهێنرێت (ماملێ) ناکرێت باسی ماملێ نەکرێت. دووەمیان ئەو تێکڵاویە کەلتوری و فەرهەنگی و هونەریەی کە ماملێ تیای ژیاوە وای کردوە کەئاوازی میللەتانی دیکە کاریگەری بەسەر (ماملێ)هەبوو. یان چەند ئاوازێك لەمیللەتانی دەوروبەری وەربگرێ بەڵام بەدەنگێکی زۆر ڕەسەنەوە بیلێتەوە. (ماملێ) بە هۆی ئەوەی کەسێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوارێکی چاك بووە، لەگەڵ شاعیرە بەتواناکانی ئەو سەردەمە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی هەبووە بەتایبەتی (هێمن، هەژار، حاجی هاشم) و چەندانی دیکە. توانیویەتی سود لەشیعرەکانیان وەربگرێ و بەگۆرانی و قەتار بیانڵێتەوە. لەوانە. وەفایی 14 شیعر،هێمن موکریانی10 شیعر، هەژار موکریانی

5 شیعر، هاشمی نانەوازادە 23 شیعر، سلێمان شاوڵی 8 شیعر،خویام 4 شیعر. جگە لەمانەش شیعری چەندان شاعیری دیکەی وەك (ئەحمەد هەردی، شیرازی، غەریب پشدەری،گۆران خالید،هیجری،ئاوات، حوسامی و حەریق). (ماملێ) باسی پەیوەندی هونەری خۆی لەگەڵ هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك كردوە و دەڵێ لەگەڵ ( حەسەن زیرەك) لەگەلێك ئاهەنگ دا هاوبەشی یەکترمان کردوە لەرادیۆکانی (تاران،کرماشان،سنە، مەهاباد) ساڵانێکی زۆر بەیەکەمەوە کارمەندبووین.وەلەساڵانێك كە (ماملێ، حەسەن زیرەك، مەلا حوسێن، هاشمی فیدایی ) کە چوینە کرماشان کاسێتیان پڕ کردۆتەوە کاسێتەکانیش ئێستا ماون کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی (ماملێ، حەسەن زیرەك) یەکتریان زۆر خۆشویستووە و زۆرشەوان بەیەکەوە دادەنیشتن و مەجلیسیانبەستوەوە لە ڕووی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە ماملێ باسی کردوە کەلەساڵانی شەستەکانیشدا کاتێ ماموستایان (عەلی مەردان، محمد عارف و حەسەن جەزراوی) بۆ ڕادیۆکانی تاران و کرماشان بانگهێشکرابوون . توانیم لە نزیکەوە بیانناسم و لە سەردانێکیشم بۆ کوردستانی عێراق ئاشنایەتیم لەگەڵ (تایەر تۆفیق، ڕەسوڵ گەردی ) پەیدا کرد.هەروەها لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا بۆیەکەم جارهاتۆتە شاری (قەڵادزێ) و چەند ئاهەنگێکی گێراوە و پاشان بەرەو سلێمانی بەرێ کەوتووە لەدوو دانیشتنی ماڵاندا چەند بەستەیەك لە گۆرانیەکانی وتووە لەساڵانی (1962) کەبەهاوبەشی هونەرمەند (محمد ساڵح دیلان) (ماملێ) دەڵێ لەسەرووی هەمووایانەوە (علی مەردان، تایەر تۆفیق،حەسەن جەزراوی، حەمەساڵح دیلان و محمدعارف جەزراوی) هەن کەبتوانی شتیان لێوە فێربی. بە ڕاستی ئەمە هەستێکی زۆر دڵپاك و هونەرمەندانەیە کەبەم جۆرە پێناسەی ئەم هونەرمەندانەی کردوە هەرگیز خۆی لەوانە و لە هیچ هونەرمەندێکی ترگەورەتر نەزانیوە. هەمیشە ئالودەی ناسینی هونەمەندان بووە زۆریش لە هونەرمەندان و چەندانی تر پێناسەی ( ماملێ ) یان کردوەو ئەویان بەبەرزی و ڕەسەنایەتی ناوهێناوە چەندین شاعییریش شیعریان بۆ وتووە کەدواتر وتەکانیان دەخەمە ڕوو. بێ گومان باس کردنی ژیانی هونەری ماملێ زۆر لە مە زیاتر هەڵدەگرێت بەچەندین کتێب کۆتا نایێ.(قارەمانی.هیوا، 1990، ل.19).

# باسی سێیەم

## تێڕوانینی هەندێ لە هونەرمەندان و شاعیران سەبارەت بە ماملێ

## یەکەم: هێمن موکریانی

لەو دەمەی دا گوێ هەڵـدەخەن بۆ تارێ

لەودەمەی دا ماملێ دەلێ قەتارێ

هەروەك پێشتر بۆمان دەركەوت كە (ماملێ) هونەرمەندێكی چەندە دەنگ خۆش و ڕەسەن و شارەزا و داهێنەربووە. جگەلەمانە قەتار بێژێكی شارەزاوبێ هاوتاش بووە. تەنانەت ناوی (مامل‌ێ) و قەتار ئاوێتەی یەكتربوونە بەجۆرێ باسی هەریەكەیان بكەین ئەویترمان دێتەوە یاد. بەڕاستی من ئەو ئاوێتە بوونەم هەست پێ كرد لەكاتی ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە لەهەرشوێنێك یا لەهەر كەسێك بۆ سەرچاوە ناوی (مامل‌ێ)م هێنا پێیان وتم (مامل‌ێ) قەتارزانێكی بەتوانا بووە. ئیتر لەوەوە ئەوخولیایەم كەوتە مێشك كەپێویستە بەچەند دێرێكیش بێ باسی قەتارو شارەزایی (مامل‌ێ) بكەم لەقەتار. بەر لەهەر شتێك پێویستە لەسەر وشەی (قەتار) هەڵوێستێكی فەرهەنگی و موزیكی بنوێندرێ. كەهەم باسەكەی پێ‌دەوڵەمەند بكرێ و هەمیش بتوانرێ هونەری بەرزی (مامل‌ێ)پێ دەربخرێ. وشەی قەتار لەفەرهەنگی (هەنبانە بۆرینەدا)بەمانای(كۆمەڵێ چاوەرێ بۆ باركردن ) و ( هەوای گۆرانیەك) هاتووە. كەلە فەرهەنگی (خاڵ) یشدا هەر ئەم مانایەی داوەتە دەست.هەروەها لە (فەرهەنگی فارسی ) دا جگە لەمانای كاروان (ڕیز بەستن و بەدوای یەكدا) رێگا ئاسن دەگەیەنێت.(كاك سمایلی مامل‌ێ) كەخۆی یەكێك لەگۆرانی بێژانی ئەو بنەماڵەیە دەڵێ (قەتار بەو شێوەیە كەلەگوتن و (ئەدایی) بنەماڵەی (مامل‌ێ) داباوە. لەناو جەرگەی مزگەوت و خانەقادا دەرهاتووە لە ڕاستی دا بنەمایی ئەو مۆسیقایە واتا قەتار ئایینییەو هەواو میلۆدییەكەی غەمبارو عارفانییە. وەخەڵكێكی زۆر پێ هەژاوەو گریاوە. ماموستا (جەمیل ڕۆژ بەیانی) دەڵێ ڕەنگە ناوی هەندێ لەگۆرانییەكانی كورد زۆر كۆنبن. بۆ نمونە قەتار ڕەنگە لەوشەی گاتاوە گۆرابێ. وەلەكاتی خۆیی هەر گاتایی پێ وترابێ بەڕای پرۆفیسۆر(عیزەدین مستەفا رەسول) زۆر بەجێیە كەقەتار لەگاتایی زەردەشتەوەیان ئاڤێستاوە هاتبێ. بەڵام دوورنیە كە قەتارهەرلەوشەی قەتاری عەرەبی هاتبێ كەبەمانای كاروان بەكارئەهێنرێ بەڵگەش بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە كە زۆر جار لەمەقامی قەتاردا قەتار بێژدەڵێ (قەتار بێنن غەمانم باركەن) یا بەم مەقامەوە جۆرە هۆنراوەیەك ئەوترێ. كەمانای ڕاستەقینەیمەجازی گەشت و ڕۆیشتن و كاروانی تێدابێ. (محمد حەمەباقی) دەڵێ

لەسەردانێکم بەمەبەستی سۆراخی قەتاربۆ لای نوسەری ناسراو (سەید قاسمی ئەفزەلی) یەکێك لە ڕێبەرانی ئەهلی هەق لەکرماشان کە لەسەدان ساڵەوە سنگاو سنگ ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردیان بەتەموور ژەندن بۆ ماوەتەوە. ئەهلی هەقیش بەهۆی ئەو چەندین کارانەی لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا هەیەتی ناوبراو بەدڵنیاییەوە بۆی سەڵماندین کە قەتار میراتی دێرینەی ئەم دوو ئایینە بووە واژەکەش هەر گاتای زەردەشتییە.لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی نێوان هەردووپیتی (گ، ی، گاتا) و (ق، قەتار) ی سەرەتای هەردوو واژەکە بۆمان دەردەکەوێ کە پیتی (ق) لەبنەڕەتدا (ك) بووە لە ڕێگەی زمانی عەرەبی و تورکییەوە. ئالوگۆری بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەمە دەکرێ بەدڵنیایەوە بڵێین واژەی گاتا و قەتارچ وەك نزیکایەتی واژەو چ وەك ناوەرۆك دەچنەوە سەریەك ڕیشەو سەرچاوە. نووسەرانی ناسراو (محمد جەمیل ڕۆژبەیانی) و (دکتۆرعزەدین مستەفا ڕەسوڵ) هەمان بۆ چوونیان هەیە.

(محمد حەمەباقی) لەکتێبی (سەید علی ئەسغەر) ئاماژەبەقەتاری سنە دەکات و دەڵێ شارەزایانی دەزگا گەلی مۆسیقای ئێرانی پێیان وایە مەقامی ئیسفەهات بەشێکە لەدەزگای شورو هەدێکی تریش دەڵێن بەشێکە لەدەزگای هەمایون. مەقامی بەناوبانگی کوردەواری قەتارسەربەم مەقامەیە هەر بۆیە بەم مەقامەی سەید دەڵێن قەتاری سنە. کاك (بەهمەنی حاجی ئەمین) کارناسی مۆسیقا لەزانکۆی هونەرە جوانەکان لەتاران دانەری کتێبی مۆسیقای کوردەکانی هەورامان (1379) سەبارەت بەئاوازی قەتاردەڵێ ( قەتار ئاوازێکە کەئاهەنگ و نێوەرۆکی دەقەکەی لەبەرگی هەستێکی هەڵقولاو لەخۆشەویستی و ئارەزوو سەرچاوە دەگرێت). لەبارەی وشەی قەتار لەزمانی کوردیدا بەمانای (ڕەدە یانڕێچکە) و(کاروانی ئەسپ و هێستر) دێت. پەیوەندی لەگەڵ ئاواز زۆر ڕوون نییە عینوانی قەتار لەمۆسیقای سوننەتی ئێرانیشدا لەئارادایە. لە ڕەدیفسازی ئێرانی بەرێوەبەرایەتی نوورعلی برومەند قەتار بەعینوانی گۆشەیەك لەئاوازی بەیاتی ئاراستەکراوە ئەو بابەتە کە گۆشەی قەتار لەمۆسیقای سوننەتی ئێران تا چ ڕادەیەك لەگەڵ قەتار لەمۆسیقای کوردستان لێك چوون. جێگای باسە قەتاریش وە لاوك و حەیرانە لەدرێژی باسەکەی بەو ئاکامەدەگاو دەڵێ پەیوەندی مۆسیقای سوننەتی ئێران لەگەڵ مۆسیقای کوردستان لەپلەی یەکەم دایە لەنێوان ئاوازەکانی قەتار وگۆشەی قەتارلە ڕیزی موسیقای سوننەتی ئێران دەبینرێت. بەهەر حاڵ. زانیمان قەتار لە ڕوانگەی مۆسیقا ناسییەوە چ جێگەو پێگە لەناو مەقامەکانی موسیقادا هەیە

بۆ وردبوونەوەو ناوەرۆکیشی بۆ کەسانی پسپۆرو شارەزا هەڵدەگرین. سەرنجتان بۆ وشەی قەتار وەك زاراوە یەکیش بە گشتی و پەیوەندی ئەو زاراوەیە لەگەڵ ئاوازەکانی (ماملێ) ڕادەکێشین لەگەڵ ئەوەش مەبەست لەئاواز تەواوی ئەو ئاهەنگ میلۆدی یان ئەوچڕین و گۆتناانەی کەناکرێ لەچوار چێوەی گۆرانی و ستران وسرود مەقام بەستە بیان گونجێنین ئەگەر چی لەکوردەواریدا (گۆرانی) بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو شێوەکانی چڕین بەکاردێ بەواتایەکی تر لە ڕوانگەی مۆسیقا جیاوازی هەر چەشنە چرینێك پەیوەندی بەئاهەنگ و ڕیتم و میلۆدی هەنگاو پلەو شەپۆلی دەنگەوە هەیە. کە ئەگەر لەگۆرانیدا بە تایبەت ڕیتم و ئالوگۆری دەنگ دەوز دەگێرن لەئاوازدا شێوەی چڕین (قورگ لەرەو چریکەی دەنگ) و هەڵکێشان و وەستان و ڕاکێشانی دەنگ یان چوون سەرو لەنگەر گرتن و هاتنە خوار زۆر گرنگن. کەوابوو چۆن بۆنمونە ئاوازی مەقامی (ئەللا وەیسی) لەگەرمیان و (هۆرە) لەهەورامان و(لاوك) لەبۆتان و(حەیران) لەدەشتیهەولێر باوە. هیچ لۆمەو ڕەخنەیەك نامێنێتەوە ئەگەر بڵێم لەموکریانیش لەشوێن ئاوازی فارسی زاراوەی قەتار بەکارهاتووە. گومان لەوە دانییە کەوشەی قەتار واژەیەکی عەرەبی و مانای ( کاروان ) یان (ڕیز بەستنی ووشترو ئەسپ و هێستر بەدوای یەکدا) دەگەیەنێت. بەڵام ئایە چۆن و چ وەخت هاتۆتەناو فەرهەنگی کوردەواری و ڕوون نییە ئەوەش بەگوێرەی قسەی ماموستا(جەمیل ڕۆژبەیانی) دەگوتری وشەی (قەتار) ڕەنگە لەوشەی (گاتا) وە هاتبێ. جێگەی لێکۆڵینەوەیە ناکرێ بریارێکی بەپەلەو یەکلایی کەرەوە بدرێ. بەپێی ئەو گریمانەش کە میلۆدی قەتار ڕەنگە لەجۆرەو شێوەو دەنگ و جوولەوەڕەوتی کاروانەوە سەرچاوەی گرتبێ و زۆر جێگەی متمانە نیە. چونکە ئەگەر سەرنج بدەین بۆ نمونە میلودی (لەکانی ئاسکان) (لاوەهەی لاوە) ی مامڵێ لەبەر چاو بگرین و لەگەڵ دەنگ و ڕەوتی کاروان بەراوردی بکەین دەبیستین هیچ جۆرە هارمۆنی و هاو ئاهەنگی ئەو تۆیان نییە. کەوابوو تا ئەو کاتەی زانیاریەکی سەڵمێنراو نەیەتە ئاراوە، ئەوە من هەر لەسەر ئەو باوەڕەوە دەمێنم کە (قەتار) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهونەری خەڵکی ئاقارگرتووی شارو بە تایبەتی بنەماڵەی (مامڵێ) وە هەبووە. کەلە مام سەعید و میرزا حوسێنەوە دەستی پێکردوەو لەلای (محمدمامڵێ) بەلووتکە گەیشتووە. وە لەهیچ کەس شاراوە نیە کەلە تەواوی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی لە موکریان. ئەگەر گریمان تەریقەتە مەزهەبیەکانی وەك (قادری، نەقشبەندی، ئەهلی هەق و کاکەیی) چ قازانج و نەخشێکی ئەو تۆشیان

لەبەرەو پێشوە چوونی کۆمەڵگای کوردەواریدا نەبوبێ. ئەوە لایەنیکەم ئەو نەخشەیان بەباشی گێراوە کەلەسەردەمێکی دیاریکراوی مێژوییدا توانیویانە ڕابردووی هونەری و ئاوازی کوردی لەتاڵان و نەمان و فەوتان رزگار بکەن. تەنانەت پەرەشی پێبدەن یەکێك لەمەکۆ گرینگەکانە کەدەتوانریٚوەك کانگای ئاوازە عیرفانیەکان یاد بکرێتەوە. خانەقای شەمزینانی (مەهاباد) بووە، کە هەم (وەفایی) شاعیرو هەم بنەماڵەی ماملێ مام سەعید وەك دوو مرید وهاوکاری هونەری سەر بەو خانەقایەبوون. هەروەك دەزانین زۆربەی ئەو ئاهەنگانەی کەلەلایەن بنەماڵەی (مامڵێ) و بەتایبەت (محمدی مامڵێ) بەشێوەی قەتار گوتراون. پێشتر یان لەو خانەقایە بەشێوەی غەزە ل خوێنی لەگەڵ ئامێری دەف گوتراوە یان لەمەجلیس و بارەگای گەورە پیاوانی شار بەکەمانچەو تەپل وتار پێشکەش کراوە. نموونەی یەکەم لەشیعرەکانی وەفایی وەك (گادەسوتێنم گادەگریێم) و ( مەم کوژە تۆ گردنی خۆت) کەلك وەرگیراوە. نمونەی دووەمیش دەکرێ بەئاوازەدا هێنراوەکانی بنەماڵەی مامڵێ وەك (لەکانی ئاسکان) و (لاوە هەی لاوە) ئاماژەبکرێ. لێرەوە پێویستە چەند تایبەت مەندێکی شێوازی (مامڵێ) لەقەتار گوتندا ڕوون بکەینەوە.ئەگەر دەنگ خۆشی و دەنگ پڕ سۆزی بەهرەیەکی خوایی و زگماکی بێ. خۆ دەبێ ئاماژە بەشێوەی چڕین و چریکاندن بکرێ کەلای فارسەکان بە (تەحریر) تەعبیرکراوە گرینگ ئەوەیە کەلەکاتی چڕین و چریکاندن دا دەبێ گونجاوییەکی ڕێك و پێك لەنێوان مەودایی هەڵکشان و وەستان و داکشانی دەنگ لەلایەك و لەرینەوەی تارەکانیگەروو (قورگ) لەلایەکی دیکەوە چوونەسەرەوەی دەنگ کە فارسەکان(ئەوج) ی پێدەلێن. ئێمەش (جواب) ی پێدەڵێن ئەو دەمەیە کە ئاواز بیژ وەك چریکەی بولبول تێی دەچریکێنێ و دەنگ هەڵدێنی و وەستان کاتێکە کە ئاواز بێژلەمەودای نێوان هەنگاوی دەنگەکاندا لەنگەر دەگرێ. هاتنە خوارەوە کە فارسەکان بە (فرود) یان تەعبیرکردوە ئێمەش (قەتار) ئەو کاتەیە کە ئاواز بیژ بەشێوەیەکی گونجاو ئارام ئاخەرین وشەی یان پاش دەنگی چریکەی لەگەروویدا وەها قەتیس بکاتەوە کە هیچ چەشنە نیفەو مینگەی هەست پێنەکرێ. گەورەترین شاکاری (مامڵێ) لەقەتاردا کە زۆر کەس سەرنجی داوە بەو مەسلەیە کە (مامڵێ) لەهێنانەوە چوار چێوەی مەقامەکانی مۆسیقای گونجاند وە. بۆنمونە قەتاری لەمەقامەکانی(سێ گاە، شوور، ماهوورو هەمایوون)هتد ... لەتەواوی مەقامەکانی مۆسیقادا توانیویەتی قەتار بەو شێوەیە بێنێتە دەرێ. ئەزم و نیزامێکی جوانی پێدابوو بەو دەنگە خۆشەی بیکاتە شتێکی تایبەت بۆ گەلی کورد.

(ماملیٚ) لەقەتاردا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبوو کە پێیان گوتووە شێوازی (ماملیٚ) جیاواز بوو لەگەڵ قەتارەکانی کەرکووك و گەرمیان. بۆ نمونە ئەو قەتارانەی کە ماموستا (علی مەردان) وتوویەتی، سێ چینن. چینی یەکەم و دووەم (بەیات) ە وچینی سێیەم (حیجازە) کەپێ ی دەڵێن خاوکەر. (ماملیٚ) لەسەر یەك چین و مەقامێك قەتاری چریوە بۆ نمونە چۆن لەهەولێر (بەیات) هەیە پێیدەڵێن (حەیران ) یان لەسلێمانی پێیدەڵێن (سەفەر).

(ماملیٚ) لەسەر چوار دەنگی بەیات یان لە مصیرەکان لەدەنگی شەشەمو حەوتەم لەوانە قەتاری جیا جیای چریوە. لەسەر پەیژەی (نەهاوەند، عەجەم) تەنانەت لەسەر دەنگی (حیجاز) یشقەتاری چریوە. بۆیە دەلێن (ماملیٚ) شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە. کەتەنیا ئەو وای چریوە و تایبەتیشە بەناوچەی (موکریان).وەبەشێکی ئەو قەتارانەی (ماملیٚ) گوتویەتی هی خانەقاکانی کوردستانە بە نمونە (لاوە هەی لاوە ) بەدوو شێوە وتراوە شێوەیەکی شیخانییە کەهی ناو تەکیەو خاەقایە وشێوەیەکی دڵدارانەیە. ( ماملیٚ) یەکەم هەنگاو کەبەرەو دنیای هونەری هەڵی هێنا یەکەم چریکاندن کەلە ساڵی (1938) لەتەمەنی (13) ساڵیبەوە قەتاربێژ بووە بەو قەتارانەی کەلە مام سەعیدی باوکی بۆی مابۆوە دەستی پێکرد. بێگومان باس کردنی ئاوێتەیی (ماملیٚ) و قەتار یا قەتارەکانی (ماملیٚ) باس و ڕۆچونێکی زۆر قوڵتری دەوێ. چونکە توێژینەوەکەم تەنیا بۆقەتاری ماملیٚ نەبوو بۆیە نەم توانی تەواوی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم. وەك پێشتر باسم کرد ئەمە تەنیا بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکم و حەزی تێگەیشتن لەوەی کە بۆ کاتی ناوی (ماملیٚ) دێ باسی قەتاربەدواییەوە دێ. بەکورتی من تێگەیشتم و گەیشتمە ئەنجام ئەوانەی (ماملیٚ) یان لەکاتی قەتار چڕیندا لەنزنیکەوە نەدیبیٚ یان بە هەستەوە گوێیان بۆ قەتارەکانی (ماملیٚ) ڕانەگرتبیٚ ڕەنگە هەستپێکردنی ئەو تایبەت مەندیانەی سەرەوەیان بەلاوە غەریب بیٚ.( کەساس.مەمەمەد، 1979، ل. 34).

## دووەم:- شاروخی

لەدنیادا هیچ هونەرێك نییە خۆرسکانە و بیٚ هیچ کاریگەری هونەری ئەوانی دی دروست بوویێت. دیارە لەو نێوەندەشدا هونەری کوردیش لەم بابەتە بەدوورنییە. نەك هەرتەنیا لە ڕووی گۆرانی و مۆیسقاوە بەڵکو لە ڕووی ئەدەب و فەرهەنگیشەوە.گەر سەرنجی شیعری کوردی بدەین بە

ئاشکرا کاریگەری میللەتانی دیکە لەشیعرەکانی (نالی، مەحوی، گۆران ) هەستی پێ دەکرێت.بێگومان ئەم کاریگەریە لە ڕووی مۆسیقاشەوە هەر ڕاستە کاتێك گوێ لە گۆرانییەکانی (قادر دیلان و هۆمەر دزەیی ) وچەندانی دیکە دەگرین دیسان ئەم کاریگەریە بییانییە بە ئاشکرا دەبیستین. کەسودیان لەمیللەتانی دیکەوەرگرتووە.

کەواتە ئەم مامەڵە کردن و سوود وەرگرتن و لێك نزیك بوونەوە هونەری و کلتوریەی هەموو میللەتێکی دنیا کارو پێویستێتی دیالێکتیە ناکرێ لێی داپڕاو بن. ئەگەر بێت و دوریش بێ ڕەنگە وەك گۆمێکی مەنگ و ڕاوەستاوی لێبێت و سەرئەنجام یان بۆن بکات یان وشك بێت. لەنێوهونەرمەندانی کوردیشدا (ماملێ) یەکێك لەو هونەرمەندانەیە کەکەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەرییە و توانیویەتی سود لە هونەری میللەتانی دراوسێ وەربگرێ وەك فارس و ئازەری و تورکزۆرێك لەو میلۆدی و گۆرانیانەی ئەوان وەربگرێ و بەشێوەیەکی ئێستاتیکی مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات. بە شێوەیەك وا هەست بکەی میلۆدی ئەو گۆرانیانە لە ئەصڵداکوردینو مۆرکی میللەتانی دیکەی پێوە نیە. مامڵێ ئەو کارانەی لە پێناو دەوڵەمەند کردنی هونەری کوردیدا کردووە و لەسەردەمانێك کە وەك ئێستا تەکنەلۆژیا بەربڵاو نەبوو. بێگومان تێکەڵاو بوونو نزیك بوونەوە کارێکی گران و بە ئەرك بوو جگە لەو ئەرك و زەحمەتیانەی کە مامڵێ کێشاویەتی توانیویەتی ئەو ئاوازانە بەروحێکی کوردیانە بیلێتەوە دوربێ لە لاسای کردنەوەیکی دەقاودەق. لەو بارەوەش زۆرێك لە هونەرمەندان دواون وەك مامۆستا شارۆخ دەڵێ دیسان کاریگەری دەبین لەگۆرانیەکانی. وە دەڵێ بە ڕاستی من زەمانێك لۆمەم دەکرد دەمگوت ئەمە کارێکی هەڵەیە. بەڵام وا بزانم ئەو لەمن باشتر بیری لێکردۆتەوە چونکە دەیگوت تۆجارێ لێی حاڵی نابی بەڵام بە تێپەربوونی زەمەن ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە. کە مامڵێ دەیویست بەم کارەی هونەری کوردی دەوڵەمەند بکات. وە ئەم کارانەشی زۆر بەسلیقەوە ئەنجام داوە دەلیلیشم ئەوەیە ڕۆژێك هونەرمەندێکی مەزنی تهران هاتە لام وتی کاسیەتێکم لایە کە ئاوازی کوردی تێدایە. کە گوێم گرت هەر ئەو ئاوازەی گۆرانی ئەمن دەم گوت لە دونیا تا بمێنم لەبەر کەس ئەستەمە سەردانوێنملەو کاتە من پێکەنیم و وتم ئەوە هەر ئەو ئاوازەیە کە بە منداڵی لە فارسیەوە گوێم لێ بووە. هەروەها مامۆستا شارۆخچەند وتارێکی لەبارەی مامۆستا مامڵێ دا پێشکەش کردووە کە باسی مامڵێ دەکات و دەڵێت:-محمدی مامڵێ جگە لەوەی کە هونەرمەندێکی زۆر بە تواناو شارەزا بوو مرۆڤێکی کورد پەروەر و خەڵك

دۆست بوو. حورمەتێکی زۆری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو ئەمەش گەواهی دڵ گەورەی ئەم هونەرمەندە دەسەلمێنێت. دەتوانم بلێم شایەد هەزاران ساڵ تێپەرن. بەڵام گەلی کورد هونەرمەندێکیئاوابەخۆیەوە نەبینی هەڵبەتە ئەمە تەعبیرێکی غیرە واقعی نییە.واتە ئەوە تەعریفێکە کە لە قوڵایی دڵمەوە دەیکەم و ئەمن دەزانم هونەر چییە و دەنگ چیە. وە دەزانم گۆرانی چیە. وە دەزانم چ شێوە ئاهەنگێك ئەو ئینسانە گوتوویەتی و بایەخی پێ داوە زۆر ئاهەنگ هەبوون کە قەدیم لە بیر چووبونەوە (ماملێ) هێنایەوە ناو مەیدانی هونەرەوە. چەندین گۆرانی فۆلکلۆری زیندو کردۆتەوە. من بۆیە ئەوە دەلێم چونکە تەنیا گۆرانیەکی کە لە منداڵی گوێ بیست بووین من تەنیا لە ماملێم بیستووە هیچ کەسێکی تر نەیوتوە. بۆ نموونە گۆرانی (خانملێ خانمێ خانمان) تەنیا بە منداڵی لە برایەکەی خۆم لە سەفحەی مەلا کەریم بیستووە جگە لە (ماملێ) کەسێکی ترنەیوتوە. جگە لە هەموو ئەمانە (ماملێ) چەندین گۆرانی هەن کە بەزمانی تر وتراون بە شێوازێکی زۆر کوردیانەو بە ڕوحێکی کوردی گووتوویەتی. سەبارەت بە مۆسیقاوڕیتم لە ڕوانگەی گۆرانیەکانی (ماملێ) لای هەمووان ئاشکرا و دیارە هونەرمەندی گەورە ماملێ خاوەن چەندین ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردیە و بۆنو بەرامی گۆرانیەکانی ماملێ ڕەسەنایەتی و خۆماڵی پێوە دیارە. هەموو ئەو هونەرمەند و هونەر دۆستانەی کە گوێ بیستی مامليێبوونە دەتوانن بلێین ئەو دەنگ و ئاوازەی لەسەرەتاکانی دەست پێکردنی و کاتی لاویدا وتوویەتی لایەنی مەودایی دەنگی لەسەر تۆنی (سی) بۆ سەرەوە تر بوو زۆر لێ زانا و وەستایانە بەکاری هێناوە وە بە جوانیش مامەلەی لەگەڵ دەقی شیعری داکردوە ئەدایێکی زۆر چاکی هەبووەلایەنی گۆرانیەکانی ماملێ لە بواری ڕیتم زیاتر خۆی لەناو ڕیتمی سێ چواردا بینیوەتەوە. ئێمەش تام و چێژی زیاتر لەم ڕیتمانەوە وەردەگرین. کە لەسەر زۆر شێوازەکانی گۆرانی وتووە واتا لە گۆرینی ڕیتم دا سەرکەوتوو بووە. ئەوەی جێگای باسە زیاتر مۆسیقا ژەنەکانی ماملێفارس یان عەجەم بووینە کە ئەمەش کاری گەری لەسەر گۆرانیەکانی هەبووە. بۆ نموونە گۆرانی هەیە سێ چوار لێدراوە لەکاتی گوێ بیستی بە ڕیتمی پێنج هەشت خۆی پیشانداوە ڕیتمی پێنج هەشت یاخود دە شازدە دوو ڕینمپرۆژهەڵاتین. ئەم شێوازەش زیاتر لە عێراق بەکارهاتووە . دیسانەوە جۆری تۆمارکردن یان ژەنیارەکان هۆی ئەم هەلەیەن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی هەستی کوردەواری لای ژەنیارەکان یان کەمی شارەزا لە مۆسیقای ئەکادیمی لە هەندێ گۆرانیەکانی (حەسەن زیرەك) بەم جۆرەیە کە لە ئیستگەکانی

تاران و کرماشان تۆمارکراون. بەهەرحاڵ ئەو کاسێتەی کە لەساڵی (1991) تۆمارکراوە توانراوە جۆرە زانستێك بە ئامێرەکان بدەین. ئەویش بە هیمەتی هونەرمەندانی خۆمان وەك (سەرتیپ أحمد - فلووت)، (چاپووك، کەمان)، (عەدنان کریم - عود)، (دلزار یاسین- کەمان) توانیمان زۆر جوان تۆماری بکەین.( کەساس.مەمەمەد، 1979، ل. 34).

## سێیەم: عدنان کریم

دەلێ ماملێ ئەو ئاوازانەی کە لە میللەتانی دراوسێ وەری گرتووە بەڕاستی بەقورگێکی زۆر کوردیانە گۆتیتیەوە. کە هەرگیز هەست ناکەی ئەوە ئاوازی میللەتێکی ترە ماملێ کەسێکپرۆشەنبیر بوو خوێندەوارێکی زۆر باش بوو. وە لەگەڵ کەڵە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی هەبوو هەر لەوانیش فێری هەلبژاردنی شیعر بوو بۆ گۆرانی. لە رووی پانتایی دەنگیەوە گوێ بگرین چەم چەمەی دەنگی توانویەتی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان داگیر بکات . دەتوانین بلێین لە نێوان (مامڵێ) و (تاهیر تۆفیق) زۆر گۆرانی گونجاو هەیە کەزۆر نزیکن لە یەکەوە. من زۆر سەرسامی دەنگی ئەو بووم کە چوومە لای مۆسیقامان بۆ دەژەند ئەوەندەی گوێمان لەدەنگی ئەو بوو ئەوەندە گوێمان لە دەنگی ئامێرەکانی خۆمان نەبوو. (مامڵێ) زیاتر حەزی بەو گۆرانیانە دەکرد کە ڕیتمێکی (سێ چوار) یان (ڤالس) یان هەبوو. هەندی ئاوازی لەنەتەوەکانی تر وەرگرتووە کە توانویەتی زۆر بەسەرکەوتویی بەدەنگ و هەستێکی زۆر کوردی بیلێتەوە کە بەئاسانی نەتوانرێ بناسرێتەوە وەك ئەوەی هی میللەتێکی ترە. هەندی ئاوازی تورکی هەیە کە هەرگیز بروا ناکەی ئەو ئاوازە تورکیە کە مامڵێ وتوتییەوە. گۆرانیەکانی زیاتر مەجلیسین کەمتر چووە بۆ ستۆدیۆ هەمیشە حەزی نەکردووە شارەکەی بەجێ بێلێ. مامڵێ گەر وەك حەسەن زیرەك بۆی برەخسایە لە ستۆدیۆ کارەکانی بکات بێگومان دەیتوانی کاری زۆر نایابترو بە تەکنیك تر تۆمار بکات. بەڵام ئەو هەمیشە کارەکانی مەجلیسی کردووە. هەمیشە کاك (رشید فیزی نەژادی) هاتووە لە ماڵەوە دانیشتووە. کە لەماڵی (کەریمی تەلای)  دادەنیشت بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی. (گۆڤاری ڕامان،1999، ژ.33).

## چوارەم: عباس کەمەندی

که خەڵاتیماملێ لەساڵی 2011 پێ بەخشرا دەگێرێتەوە و دەلێ :- لەیادم ناچێ کاتێك که ڕەخنەم لە مامۆستا ماملێ گرت که بۆچی میلۆدی تورکیتان بە کوردی گوتۆتەوە ؟ مامۆستا بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی گومانی تێدا نیە کە بەهۆی پێکەوە ژیانی مێژووی کورد و تورك و ئەرمەنی لەناوچەکان. زۆر خاڵی هاوبەشمان تێدا بەدی دەکرێ بەڵام بۆچی وابیر نەکەینەوە کە ئەم میلۆدیانە پێشتر هی ئێمە بووینە بەڵام بەناوی ئەوانەوە بڵاو بۆتەوە. بەلێ کاتێ پێیدا هاتمەوە زانیم حەقبەوە. (گۆڤاری ڕامان،1999، ژ.33).

## پێنجەم: وریا احمد

لە گفتوگۆیەکی تایەتدا وریا ئەحمەد (22May ،2020) ووتی: سەرەتا حەز ئەکەم بیرەوەریەکی خۆمتان لەگەڵ گۆرانیبێژی ڕەسەنی نەمر (محمد ماملێ) بۆ بگێرمەوە کە بۆساڵی (1974) دەگەڕێتەوە من هەر لەسەرەتای ژیانمەوە وەك موزيك ژەنێك هەردەم بە ئاواتی دیدەنی ناسینی هەموو گۆرانی بێژو موزيك ژەنێکی لێهاتوو بوومە بە تایبەتی ئەوانەی لای میللەتلەبەر هونەرەکەیان خۆشەویستی و ڕێزیان دەگیرا.یەك جار لە ژیانم (ماملێ) م دیت ئەو کاتەی بە دیداری شاد بوومبۆ جاری دووەم ئەمجارەیان لەگەڵ هونەرمەند (سەردارأحمد)ی شمشاڵ ژەن بەیەکەوە لە (سابلاغ) بۆلای چوین چەند ساتێکمان بەقسەی خۆش و قەنادی خواردن و پیاسە وگەڕان بەسەر برد لەو ڕۆژەوە من ئەو پیاوەم کەوتە بەردڵ. ڕێز و خۆشەویستی خەڵکیم بۆ ئەو پیاوە لە نێو چاوو هەڵسوکەوتیدابەدی کرد. وەك گۆرانی بێژێکی ڕەسەنیش ئەو خەڵکە زۆر و زەبەندەی کەلە سەراپای کوردستان حەز لە دەنگی دەکەن ئەوە باشترین بروانامەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەو چەند لاوە ئارەزوومەندەی کە بەحەزی لاسایی کردنەوەی دەنگی ئەو هاتنە ناو گۆڕەپانی گۆرانی گوتنەوە. ماملێ ئەو هونەرمەندەیە کە لە خودی کۆمەڵگای کوردی هەڵقولاوە، دوای تێپەربوونو ڕۆیشتنی ساڵانێکی زۆر ئەم جارەیان لە بەهاری 1991 لەگەڵ کاك (فەرید زامدار) چوینە مەهاباد یەکەم جار چوین بۆ ماڵی ماملێ کە چوین نەك هەر خۆی بەلکو منداڵەکانیشی بەگەرمی بەرەو پێشوازیمان هاتن من وا چاوەروان بووم کە ئەو نەمرە باوشم پێدا بکاتکە یادی ساڵی (1974-1975) بکاتەوە کەچی هەر نەشی ناسیمەوە بەڵام دواتر بۆیان باس

کردم کە بەهۆی شەهید کردنی کوڕێکی زۆر کاریگەری لەسەر دەروونی کردووە .دواتر نەمویست ئەم هەلە لە دەست بدەم چەند پرسارێکم لێ کرد.

پ.دووای ئەم ئەزموونە درێژەت ئاستی گۆرانی کوردیمان چۆنە ؟

ماملێ :- بەرەو شادی دەڕواو بەرەو پێش دەچێ .

پ.کۆچکردوو (سەعید ماملێ) ت دیوە ؟ چەند ساڵە کۆچی دوای کردووە و چی لێ فێربووی ؟

ماملێ :- 17 ساڵان بووم کە باوکم سەعید ماملێ کۆچی دوای کرد تەواوی ئاهەنگەکانی وەفایی دەگووت. وە ووتی بە هەمووومان (دیارە مەبەستی خێزانی خۆیان بوو) پەنجەیەکی باوکم نابین باوکم نەخوێندەوار بوو بەڵام هەرگیز وشەی نەچووی لە دەم دەرنەچوو مەقامەکانی پەیوەندی لەگەڵ (سەید علی ئەسخەر) دا هەبوو.

پ.ئەی سەردەمی شا ئێوە لەگەڵ گۆرانی وتن چۆن بوون؟

و. سەردەمی شا نەمان دەتوانی هیچ بڵێین نەوەك توشی کێشە بین بۆ نموونە سەردەمی شا 8 مانگ لە ئێزگەی تەلەفزیۆنی مەهاباد دامەزرام لەم ماوەیە هەشت جارخەبەریان لێ دام بۆیە منیش وازم لەم کارە هێنا.

پ. تازەترین بەرهەمت کە بە یارمەتی ئامێرەکانی (فلوت) (عود) (کەمان) تۆمار کردووە بەڕای من لە ڕووی هونەریەوە کارێکی چاك نییەو ئەم بەرهەمانە تام و بۆنی تۆ نادات ؟

و. هۆی ئەوەیە ئامێری تۆمارکردنو دەرهێنەری دەنگ و موزیك ژەنی چاکمان نیە.

وە پێم ووت بەڕای من دوو بەرهەمە هەرە نایەبەکانت ئەوانەن کە لەگەڵ هونەرمەندی پەنجە زێرین (موجتەبای میرزادە) تۆمارت کردوون وە ماملێ لە هونەری گۆرنی کوردی لە لوتکە دایە. هەر چەندە میلۆدی و ئاوازێکی زۆری میلەتانی دیکەی ئاوێتەی کردی کردوە.

ڕاستی من زەمانێك لۆمەم دەکرد دەم گووت کە ئەمە کارێکی غەلەتە. بەڵام وابزانم ئەم کابرایە لەمن باشتر بیری دەکردەوە چونکە دەیوت تۆ جارێ لێ ی حاڵی نابی. بەڵام بە تێپەر بوونی

زەمەن ئەوە بۆم ڕوون بۆوە کە ئەو دەیویست بەم شێوەیە فەرهەنگو هونەری میللەتی کورد بە هێزبکات. جاشاکاری (ماملێ) لەوە دایە کە ئەو میلۆدیانەی کە لە تورکی هێناون بۆ کوردی قالبێکی کوردی پێداون کە ناسینەوەیان تۆزێ ئەستەمە. گەر بێتوو چەندین ڕۆژ خەریکی نوسینەوەی ئەم هونەرمەندەبم ئەوە هەرگیز لەبن نایەت وەسفی ناکرێ.

بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە کە وەك چۆن لە کوردستانی عێراق علی مەردان، تاهیر تۆفیق، حەسەن جەزراوی نایەتەوە ئاواش ماملێ نایەتەوە وە بەداخەوە دەنگ خۆشەکانی ئیستا وا خەریکەڕێچکە و ڕێگایەکی تر دەگرن و ئەم ڕێبازە کوردیەیان فەرامۆش کردووە. هەروەها

وریا احمد لە وەڵامی پرسیاری کاریگەری ئاوازی میللەتانی دیکە لە سەر هونەری ماملێ زیاتر قسەی کرد و بەم جۆرە باسی لێوە کرد و ووتی بەڕاستی بەڕای من ئەمە جوانترین و وردترین بیرکردنەوەیە کە (ماملێ) بیری لێکردۆتەوە. چونکە من کاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستا (وریا أحمد) کرد پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە کاریگەری ئاوازی میللەتانی تر بەسەر (ماملێ) وە چۆن بووە ؟

وتی بەڵێ کاری گەری هەبوو ئەمەش دەگەڕێتەوە سەروەی کە جیرانایی و تێکەڵاوی لە بەینی ئەو میللەتانە هەیە بۆ نموونە (مەهاباد) جیرانی (ئازار، تورێز، تاران )هتد... ئەمەش کاریگەری لەهەموولایەنێکەوە دەبێ. وە کاتێ لێم پرسی دوا وتەت چیە ؟

ناوی چەندان هونەرمەندانی ڕەسەنی هێنا. وەك (سید علی ئە سغە ر، علی مەردان،حەسەن زیرەك) ......هتد گوتی گەرئەمانە نەبوونایە ئێمە هونەرێکیتۆمارکراومان نەدەبوو گەر تۆماریش نەکرابا لەدوای ئەوان هونەری کوردی زۆر کاڵ دەبۆوە بەڵام ئێستا شانازی بەوانەوە دەکەین کە توانییان بە شێك لە هونەری خۆیان بە تۆمارکراوی بۆمان بەجێ بهێڵن. ئەمە جگە لەوەی دەیان و سەدان ئاواز و گۆرانی دیکەمان هەیە کە بەداخەوە تۆمار نەکراون. بەڵێ گەر ئێستا بیر بکەینەوە کێ ناڵێ هەر ئەو دەیان و سەدان ئاوازە نەبوونە کە لە خانەقا و مەجلیس ئاهەنگەکان گوتراون و تۆمار نەکراون میللەتانی تر وەریان گرتووە و بە حوکمی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بە داخەوە کورد لە میللەتانی دیکە لە پاشتر بووە وەك ئەوان خاوەن کییان ئێستگە و تۆمارگاو

پێداویستی باش نەبووە. بەم هۆیەوە ئەوان ئەو ئاوازوو گۆرانیانەی ئەوانیان وەرنەگرتبوو بەهۆی پێداویستی باش و بڵاوکردنەوە لە ئێستگە و یا بەشێوەی قەوان و کاسێت خەڵکی وایی زانییێت ئەوە موڵکی ئەوانە. بەڵێ گەر پرسیاریش بیێتە ئاراوە کە شێوازی (ئەرمەن و فارسی و ئازەری) دورە لە کوردی بێگومان ئەوان کاتێ کە لە کوردیان وەرگرتووە وەك چۆن (ماملێ) لەوان وەریگرتووە بەڕوح وهەستێکی کوردی گوتویەتییەوە ئەوانیش هەر بەم جۆرە شێوازی خۆیان لەگەڵ تێکەڵاو کردووە. هەروەها وتی ناتوانین بە تەواوی بڵێین ئەو ئاوازانەی ماملێ هی میلەتانی دیکەن تا ئەو کاتەی بە تەواوی ساغ نەبێتەوە لە ڕووی مێژوویی و خاوەندارییەتییەوە.

بەراستی بۆ (ماملێ) شتێکی زۆر گەورە و ئیستاتیکیە کە توانیویەتی لەو قۆناغ و سەردەمەدا ئەو جۆرە مامەلەیە بکات لەو دونیا داخراوەدا کە ئەو کات دونیا وەك ئێستا دونیایەکی کراوە نەبووە پەیوەندیەکان و ئامرازەکانیراگەیاندن و تۆمارکردن زۆر سنوردار بوون . وەك ئەمرۆ تەکنەلۆژیا بەربڵاو نەبوو. لە کاتێکی ئاوا (ماملێ) توانیویەتی ئەوداهێنانانە بکات. گەر بمانەوێ شارەزایی و توانایی (ماملێ) مان بۆ دەرکەوێ ئەوە بە ئێستا سەیرێك بکەین بەو کەسانەی لەگەڵ هەبوونی کەرستەی باش و تەکنەلۆژیا و ژەنیاری باش بەڵام بەداخەوە کارەکانیان تەنیا کۆپی کردنەوە شێواندنی موزیکی ڕەسەنی کوردیە . بەراستی پێویستە بۆ ئەم کارە (ماملێ) وەك قوتابخانەیەك وانەی لێوە فێربین. کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئاوازی میللەتانی ترەوە گرتووە. چەند نموونەیەکیش لەو ئاوازە وەرگیراوانە وەرە بابچینە ناو شێرانە، یاری جاران، وەرە با ئاشت بینەوە، سورە گوڵ، ئامان شیرین، بێ نەسیم،میلۆدی تورکینهەروەها چاورەش کار مامز، چارە ڕەش، رەعناکەژوکەژالێ، مەجنوون لەبەر چی وا دەکەی، میلۆدی فارسین. هەروەها لە ڕووی ئەزمونەوە ووتی:- ماملێ یەکێك بوو لەو گورانیبێژە خاوەن سەلیقە و دەنگە جۆشانەی میللەتێکی ماندو نەناس و زیندو. بەپێی گەلێك هۆکاری خودی و بابەتیانە ئەم هونەرمەندە گەورەیە توانویەتی لەمیانەی ئەزموونی درێژخایەنی خۆی دا کارامە و کوردانە خۆی لە قەرەی شەقل و شێوازی جۆراو جۆری گۆرانی کوردی بدات .

كە دەتوانین بەسەر ئەم سێ لایەنە دابەش بکەین

زیندوو هێشتنەوە و پاراستنی ئەو هونەرە بەرزە و رەسەنەی کە پشا و پشت لە باوك و باپیرانی بۆ (ماملێ) ماوەتەوە و لە فەوتانێك جاری رزگاریان بکات .

ئەو ئاواز و میلۆدیە فۆلکلۆریانەی کە (ماملێ)ی هونەرمەندیش وەك گۆرانی بێژانی سەردەمی خۆیی دوای خۆیی بە شێوازێکی تایبەت چریوەیەتی.

ئەو ئاواز و گۆرانیە هاوار لێ هەستاوانەی کە ئەو هونەرمەندە وەك گەوهەرێکی درەوشاوە پێبەپێی هەنگاوەکانی لە هەردوو بواری ژیانی هونەری و کۆمەلایەتی خۆیەوە لە چوار چێوە دەقە شیعرییە جۆراو جۆرەکانی چەندان شاعیری وەك (خەیام، هەژار، هێمن) کۆیانی کردۆتەوە . هەر لێرەشەوە ، جێی خۆیەتی هەلوەستەیەك لە بەرامبەر تایبەت مەندی و ڕەسەنایەتی ئەو ئاوازانەی (ماملێ) دابکەین . بە تایبەتی ئەو هەوار و ئاوازانەی کە زادەی

هەست و بیری خودی خۆیەتی . بەڵێ وەك ئاشکرایە ئەو هونەرمەندە جگە لەوەی کە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕووداوەکانی مەهاباد و دەوروبەرکەی خاوەن ڕەگ و ریشەیەکی دوورو درێژ و تایبەتە لە دەنگ خۆشی دا وەك بۆماوە دەنگ خۆشی باو و باپیرانی (ماملێ) گەواهی ئەو ڕاستییەن ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە هەر وەك مێژوو نوسان دەلێن شاری مەهاباد وەك مەلبەندێکی شارستانی لە گەلێك قۆناغی مێژوویی دا وەك بنکە و شارێکی ئابووری ناوی دەرکردووە. بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و دواترهەربۆیە زۆر سروشتییە زانستیانە و لۆزیك ئاسا زۆر بەروونی هێما سەرەکیەکانی تێك هەلکێشکردنی هەردوو بواری فۆلکلۆری لادێ نشینی ئاوازە کوردیەکان هەست و هۆشمەندی شارنشینییەکەی ماملێی هونەرمەند هەست بە کرداری هەلبژاردنی ئەو دەقە شیعریانە بکەین کە بۆ ماملێ بونەتە سەرچاوەی ئەو ئاواز و هەوایانەی هەڵقوڵاوی ناخی خۆیی. لێرەوە بۆن و بەرامەی ڕەسەنایەتی نزیك بۆتەوە لە حەز و خواستە هەنوکەیەکانی مرۆڤی کورد. سیماو ڕوخساری ئەو هەواو ئاوازانەی هونەرمەند (ماملێ) یەکێکە لەو هۆیانەی ماملێ وەك هونەرمەندێکی میللی بناسرێ ناویشی لێ بنێین ئەزموونی ماملێ.

شەشەم: حامید کاکیلی

تایبەتمەندیەکانیماملیٚ ئاشکران وە نەبیٚ بەس من بزانم ئینسانێکی بە ڕوحمو خەڵك دۆست بوو سەرەرای ئەوەش عیززەتی نەفسی هەبوو بەڕاستی ئەو شەرەف و پیاوەتییەی خۆی هیچ کاتبە هیچ قیمەتێك نە دەفرۆشت. (مەلا حوسێن) هەمیشە لەگەڵی بوو. زۆرجار بە (مەلا حوسێن) م دەگووت بۆ لە (ماملیٚ) نابیتەوە. دەیگووت من (ماملیٚ) م خۆش دەویٚ و بیٚ ئەو ناژیم. هەمیشە گەورەترین پیاوەکانی کوردەواری لای ئەو میوان بوو دەستی بۆ کەس درێژ نەدەکرد.

پچ بیرەوەریەکی خۆشتان لەسەردەمی لاوی (ماملیٚ) دۆستایەتی خۆتان لەگەڵ ئەوهەیە؟

ۉمحمد ماملیٚ دوو مامی هەبوو (ڕەحمان) و (ڕەحیم) مامە (ڕەحمان)نابینا بوو رەمەزانان لە پێش مزگەوتی (سور) صلاواتی لیٚ دەدا دەنگوسەدایەکی زۆر خۆشی هەبوو. ئەو دەمی بنەماڵەی (ماملیٚ) لەماڵی ئیقبالیدا بوون و تاخمێکی گەورەیان هەبوو. ئێواران لەویٚ کۆ دەبونەوە مام (ڕەحیم) و (ڕەحمان) و (میرزا حوسێن) و (محمد) و (هاشم) و (موتەلیب) و (جەعفەروو) و (توویا) ی خوشکیان. ئێمەش لەویٚ بووین لە خوارەوە دادەنیشتین. (میرزا حوسێن) دەنگێکی یەك جارخۆشـهەبوو. لە ویٚ دەستییان بە گۆرانی وتن دەکرد. لە بیرمە کە (کانی ئاسکان).دەگوترا (ماملیٚ) بەسەر حوسێن دەکەوت. (میزا حوسێن) لە بەر ئەوەی بە تەمەن کەوتبوو بەمە قەڵس دەبوو. دەیوت ئەوە بۆ جەوەکە تێك دەدەی.

پروا بکە جاری وا هەبوو نێزیك بوو شوشەی پەنجەرەکە بشکیٚ (ماملیٚ) بەدەنگێکی ئاوا بڵندی دەیگووت.

پ . ئێوە مام (سەعید) تان بینیوە.

ۉبەلیٚ مام (سەعید) باوکی (ماملیٚ ) بوو ئەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار بینیم شاگردی علی مەجیدە پیر بووم. منداڵ بوومڕۆژێك وەستا علی گووتی ڕۆ مام سەعیدم بۆ بانگ بکە دواتر چووم لەگەڵ خۆم هێنام دوای کەمێك قسەکردن داوایان لیٚ کرد گۆرانی بڵیٚ و زیاتر ئاهەنگی وەفایی دەگووت بەڕاستی جوانی دەگووت. جارێکیان مام سەعید دەچێتە باغی خەلیل مەجەی

که (سەید علی ئەسخەر) لەوێ دەبێ مام سەعید نازانێ ئەو لەوێیە. ئەم شیعرەی خوارەوە بە گۆرانی دەڵێت.

هەر بێوە ژنێکی شاڵ کرمانی بێ

حەوسەت گەورە کچ بەقوربانی بێ

سەید (عەلی) کە ئەمە دەبیستێ دەست دەکا بە گۆرانی و دەڵێت.

هەر گەورە کچێکی تازە دەگاتێ

حەوسەد بێوەژن سندانی گاتێ

مام سەعید بە پەلە دەچێتەوێ و یەکترماچ دەکەن و دوای چاك و چۆنی . (سەید علی) دەڵێت مام سەعید بەخوا من زۆر عاشقی دەنگی تۆم.

پ . بەڕوای ئێوە بنەماڵەی ماملێ بە گشتی لەکەی و کوێ دەستیان بە کاری گۆرانی ووتن کردووە بە تایبەتی (ماملێ)؟

و. ناتوانینبە تەواوی بزانین بنەماڵەی ماملێ لە چ کاتێکەوە دەستیان پێ کردووەئەوان ژن و پیاویان دەنگ خۆش بووە. هەروەك ئاشكرایە بەشێك لەم بنەماڵە کە لە کوردستانی عیراق نیشتەجێ بوون دەنگیان خۆش بووە. بەگشتی ئەم بنەماڵەیە لە مام علی مام سعید ڕابگرە میرزا حوسێن و محمد ماملێ و ئەوانی تر بەهۆی دەنگەکەیانەوە لەگەل هەموو بەزم و خۆشی و مەجلیسێکی ناو شار بۆ ئەو ناوچەیە تێکەڵاو بوونە بە تایبەتی لەو کاتەی وەکو ئێستا ناسراو نەبوون.

پ.پێتان وایە کاك محمد ماملێ تاچ ڕادەیەك لەکاری هونەری خۆی ڕازی بوو؟

و. ماملێ هەمیشە مەبەستی خزمەت بە هونەر بەتایبەت مۆسیقای کوردی بوو،بە ڕوای من لەسەر ئەو بیروباوەرەی خۆی جێگیر ڕاوەستاوە وە بە هیچ چەشنێك خۆی لە زەحمەت کردن بە

بوارەکە نەکشاوەتەوە بەڵام زۆر جار دەیووت بەو جۆرەی کە ویستی دڵیەتی نەیتوانیوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات.

بۆ یە لێرەوە پێم باشەئەو ڕاستییەتان بۆ بگێرمەوە،ماملێ هیچ کاتیك کاسێتەکانی خۆی لای خۆی دەست نەدەکەوتخەڵك هەبوو دەیوت کاك محمد دەکرێ فلان کاسێتی خۆتم بدەیتێ ماملێ دڵی نەدەشکاند دەیوت باشە، ناچار دەچوو بۆی دەکڕی کەم وا هەبوو کاسێتی خۆی هەبێت

پ. ئایا ئێوە بەم نزیکانە سەردانی (ماملێ) تان کردووە؟

و. هەڵبەت لە پێش دا بە پێویستی دەزانم تایبەتمەندێکی (ماملێ) کە لە کاتی لاویش دا هەر هەی بوو باس بکەم. ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەتابڵێی مرۆڤێکی فرامۆشکار بوو، هەر لەسەرەتای تەمەنی هەر وا بووە. نموونە کاتێك کە لە جێگایەك کۆدەبوینەوە ئەگەر قسەیەکی بۆ گوتن هەبوایە، قسەی هەمویانی دەبڕی تا قسەی خۆی بکات دەی گووت دەنا لە بیرم دەچێت. بەم نزیکانە لەگەڵ عەولای کوڕی دیتم کە کوڕی بە ماملێ ی گووت بابە گیان ئەوە کاکە حەمیدە نایناسی لە بیرتە چەند باست دەکرد ئەویش گوتی بەلێ بەلێ وە هیچی تری نە گووت بەڕاستی زۆر دڵ گران بوو چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسك کە ئەم هونەرمەندە بە توانایە بۆ وای لێهاتووە. (www.mamele.2020: online)

## حەوتەم: ئاراس کۆیی

لە گفتوگۆیەکی تایەتدا ئاراس کۆيي (27May ،2020) لە میانی چەند پرسیارێك:

پ.ساڵی چەند بوو کە چاوت بە مامۆستا (ماملێ) کەوت ؟

و. لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 لە (مەهاباد) ئەو کات ئەوان هاتنە ئەو شارە هەر یەکە و بۆ شوێنێ چوو . من چونکە زۆر شەیدای دەنگی ئەو مامۆستایە بووم بۆیە بڕیارم دا کە بچمە لای.

پ. توانایی (ماملێ) لە ڕووی دەنگەوە چۆن دەبینی؟

و. مامۆستا (ماملێ) لەسەر چەند چینێك گۆرانە گووتوە کاتی گەنج بوو تۆنی دەنگی لەسەر تۆنی (سی) بوو بەڵام ئەو کاتەی من لای بووم وا نەبوو توانایی دەنگی تۆزێ کەمتر بوو . (ماملێ)

هەردەم موسەیتەر بوو لەسەر مۆسیقاو دەنگی خۆیی هەمیشە مۆسیقا بە دوای ئەوەوە بوو .

پ. شارەزای (ماملێ) چۆن دەبینی لە مەقام و مۆسیقا ؟

و. هەردەم گەر میلۆدیەکی بویستبایە دەبووە وەك خۆی بۆت ژەندبا زۆر جار جوملەیەکی مۆسیقامان بۆ دەژەند گەر بە دڵی نەبا ڕەتی دەکردەوە هەموو شتێکی بە ئاسانی قبول نەدەکرد گوێیەکی مۆسیقی هەبوو لە ڕووی مەقامەوە زۆر شارەزا بوو مەقامەکانی باش دەناسی .

پ. چەند کاری هونەریتان لەگەڵ کردووە ؟

و. چەند جارێك لەماڵان یان لە مەجلیس لەگەڵی دا دەنیشتیمە مۆسیقام بۆی ژەنیوە. ئەو زۆربەی جار لەگەڵ (چالاك)ی کوری بوو جارێکیش ئاهەنگێکی نیشتمانی هەبووە تەمرینیشیان کرد بەڵام دواتر نەکرا

پ. کاریگەری ئاوازی میللەتانی تر بەسەر (ماملێ)وە چۆن بوو ؟ تاچەند سەرکەوتو بووە ؟

و. بەلێ کاریگەری ئاوازی میللەتانی تر بەسەر (مامڵێ)وە هەبووە وەکو هەموو ولاتانی تر زۆر ولات هەیە کە سودیان لە ئاوازی ئێمە وەرگرتووە وە ئێمەش سودمان وەرگرتووە. بێ گومان چەندین ئاوازی (مامڵێ) هەن کە تامی ئاوازی میللەتانی تر دەدەن بەڵام (مامڵێ) زۆر سەرکەوتوانە مامەلەی لەگەڵدا کردوون و بەڕاستی کوردانیەتی بە کورد کردن ئەو ئاوازانە بەڕاستی کارێکی ئاسان نیە .

پ. (مامڵێ) لە ڕووی قەتارەوە؟

و. مامڵێ شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە قەتار بەڕاستی بە تامێکی زۆر کوردیانە قەتارەکانی دەگووت من هەموو قەتارەکانی ئەوم پێ خۆشە. قەتارەکانی (مامڵێ) جیاواز بوو لەگەڵ قەتارەکانی لای خۆمان.

پ.دوا ووتەت

و.ئەو هونەرمەدانەی کە ساڵانێکی زۆر لە خزمەت هونەری کوردی دا بوون بەراستی ئەوانە بوونە قوتابخانەیەك بۆ نەوەی داهاتوو. بەڕاستی پێویستە لێکۆلینەوەی تەواو بکرێ لەو هونەرمەندانەو ئاواز و گۆرانیەکانیان سەر لە نوێدا داڕێژرێتەوە چونکە هونەر بەتایبەتی مۆسیقا ناسنامەی گەڵە پێویستە ئێمە شانازی بەوانەوە بکەین.

## هەشتەم: نایف شێخانی

لە گفتوگۆیەکی تایەتدا نایف شێخانی (24May ،2020) لە میبانی چەند پرسیارێك:

پ. ئایا هەلبژاردنی ئەم شیعرە جوانانە لە لایەن (ماملێ)وە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی (ماملێ) یان هەبوونی دەقی شیعری باش؟

و. بە هۆی ئەوەی کە (ماملێ) هاورێیەتی و نزیکایەتی لەگەڵ شاعیرانی (مەهاباد) هەبوو بەتایبەتی (هێمن، هەژار) کۆمەلێك شاعیری تریش. تێکەلاویەکی هونەر و کۆمەڵایەتی لەگەڵیان هەبوو هەلبژاردنەکە ڕەنگە زۆر جار لەلایەن خۆیی و شاعیرەکەوە بوو بێ. بەڵام من ئەوە ناگەیەنێ کە (ماملێ) خۆی سەلیقەیەمی جوانی نەبووە. جگە لەوانەش کۆمەلێك تێکستی فۆلکلۆری جوانی هەلبژاردوە لەگەڵ ئاوازی جوان ئەوە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی گۆرانی سەرکەوتوو لەم بارەیەشەوە هەموو کەس شایەدی ئەوە دەدات کە شیعرەکانی خۆماڵی کوردین .

پ. شعرەکانی (وەفایی)و بنەماڵەی (ماملێ)؟

(سەعیدی ماملێ) کە باوکی (محمدی ماملێ)یە هاوتەمەنی (وەفایی) بووە هەندێ لەو ئاهەنگانە (وەفایی) جگە لە شیعر ئاوازیشی بۆ داناون ئاوازەکانی (وەفایی) یشیان گوتووتەوە هۆیەکەشی زیاتر هاوتەمەنی و نزیکایەتی بووە .

پ. هۆی چیە (ماملێ) ڕووی کردووە ئاوازی میللەتانی تر؟

و. ئەمە لە زۆر شوێنی تریش کە (ماملێ) ئاوازی ئازەری گوتۆتەوە.ناکرێ وا بەئاسانی بە خەڵك بگوترێ کە (ماملێ) ئاوازی وەرگرتووە لە هونەرەکەی کەم بکرێتەوە .

پ. (ماملێ) و قەتار؟

و. شێوازێکی هەیە لە قەتار دا پێی دەلێن قەتاری (ماملێ) ئێمە لەگەرمیان قەتار و خاوکەرمان هەیە قەتار خاوکەر فۆرمێکە تایبەت بە ناوچەی (گەرمیان) بەڵام کە دەچینە ڕۆژهەڵات هەموو باسی قەتاری (ماملێ) دەکەن. (ماملێ) لە سێ یان چوار دەنگی بەیات تەنانەت لە مصیرەکان لەدەنگی شەشەم و حەوتەم لەوانە قەتاری جیا جیای گوتووە لەسەر پەیژەی نەهاوەند عەجەم تەنانەت لەسەر حیجاز لەسەر کۆمەلێك پەیژەی جیا جیا قەتاری چریوە بۆیە دەلێن (ماملێ) شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە..

پ. ئایا گومان لەوە دەکرێ ئەو ئاوازانە هی کورد بن ئەوان وەریان گرتبێت بە هۆی پێشکەوتوی وان ئەوان زۆرتر تۆماریان کردبێ ؟

و. بەلێ ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان کە پێویستە بە دوا داچونی بۆ بکرێت بەڵام گریمان ئەو ئاوازانە سەت لە سەت تورکیا هیچ لە پایەی (ماملێ) کەم ناکاتەوە کە ئەو ئاوازانەی لەسەردەمانێکی زوو چەندین ساڵە گوێ گری کورد گوێی بۆ دەگری.

# بەشی سێیەم

## شیکردنەوەی بەشێك لە گۆرانییەکانی هونەرمەند.

1- نایلۆنە

دەڵێن لێو ئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە

کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دوعام بۆ بکەن بێتەوە

لەخوای دەکەم تەڵەبێ دەگەڵم ئاشت بێتەوە

دەی دەی (براکەم) نایلۆنـــــــــــــــە




وێنەی ژمارە (١) نمونەی نۆتەی گۆرانی نایلۆنە

**سکێڵەکەی**



وێنەی ژمارە (٢) نمونەی نۆتەی سکێڵی گۆرانی نایلۆنە

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەین دەبینین کە میانە پلە دەنگیەکانی (سۆڵ، لا، سی، دۆ) یە، کە بریتییە لە یەك چوارینە، کە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی دایە جا لەبەرئەوەی پلەی بنیاتنەری ئەم پەیژەیە پلە دەنگی صۆڵە بۆیە دە بێت ئەم پەیژە مۆزیکییە پەیژەی صۆڵی گەورە بێت.

## 2- بـــلـــویـــری شـــوان

نیوە شـەوە دنیا خامۆش      دێتە گوێم ئاهەنگێیکی خۆش

ئاهەنگێکی گیان پەروەرە    شادی هێنە خەفەت بەرە

ئاهەنگێکی دڵ نەوازە         تارە یۆڵۆنە یا سازە




وێنەی ژمارە (٣) نمونەی نۆتەی گۆرانی بلوێری شوان

سکێڵەکەی:




وێنەی ژمارە (٤) نمونەی سکێڵی گۆرانی بلوێری شوان

ئەگەر سەیری ئەو گۆرانییە بکەین، دەبینین کە ئاوازەکەلەسەر پلەی سێیەمی پەیژەی (دۆی گەورە) بنیات نراوە. کەدەکاتە پەیژەی فریجی (کورد) لە بەرئەوەهیچ نیشانەیەکی بەرزکەرەوەو نزمکەرەوەی تێدانابینین گەرسەیریش بکەین دەبینین کە مەودای ئاوازەکە پراوپری پەیژە مۆزیکییەکەیە بەواتای میانەکانی ئاوازەکە لە پلە دەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێدەکات کە پلەی (می) یە و بەرزبونەوەی تێدایە تا پلەی کۆتایی (هەشتەمی) پەیژە موزیکییەکە لە کۆتایشدا بە پلەی بنکە کۆتای بە ئاوازەکە هاتووە.

3- چەند جوانە

چەندجوانە چەند جوانە گوڵی هەڵاڵە

ڕەنگ زەردە بۆ یاری دوورلە ئاوەڵە

شەوانی شوانی جوانـــــــــــە

لە مانگە شەو پروانـــــــــــــــە

شایی وهەڵپەڕکێ سازکەن بۆنازەنینێ




وێنەی ژمارە (٥) نۆتەی گۆرانی چەند جوانە.

## سکێڵەکەی:




وێنەی ژمارە (٦) سکێڵی گۆرانی چەند جوانە.

گەرسەیری ئەوئاوازەبکەین دەبینین کە میانە پلەدەنگیەکانی لە نێوان پلە دەنگی صۆڵ تا پلەی می بەرەو ژور دێت. بەواتایەکی تر پێك دێتلەچوارینەیەکی دەنگی و دوو پلە دەنگی بەم جۆرە (صۆڵ، لا ،سی کاربیمۆڵ، دۆ، ڕێ، می). جا بەپێی چوارینەی یەکەم کە بریتیە لە پەیژەی (ڕاست لە سەر صۆڵ) بەهۆی چوارینەی دووەمیشەوە جۆری  پیژە ڕاستەکەمان بۆ دەردەکەوێ بەڵام لەبەرئەوەی چوارینەی دووەم تەنها دووپلە دەنگییە وهیچ پلە دەنگییەکی دروسکراوی تیا دیارنیە بۆیە دەتوانین ناوی پەیژەی ڕاستی سرووشتی لێ بهێنین.

## 4- یادی بەخـێـر

ئەوگوڵەی مشـهوری گشـت عالەم بوو کوا یادی بەخێر

چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لەجەرگم کاریـــــــــــــــە

ئەودەمەی بومە نیشـانەی تیری تۆ یادی بەخـــــــــێر

بای شـەماڵ بیدابەدەسـت ئەو دولبەرەهـــــــــــــاوارم

مەڵحەمێکم بۆبنێرێ بۆدڵکەی زامـــــــــــــــــــدارم




وێنەی ژمارە (٧) نۆتەی گۆرانی یادی بەخێر.

سکێڵەکەی:



وێنەی ژمارە (٨) سکێڵی گۆرانی یادی بەخێر.

گەرسەیری ئەو ئاوازە بکەین دەبینین کە مەودای پلە دەنگیەکانی لەنیوان پلەی فا کاردێز بەرەو سەرەوە تا پلەی می یە بەواتای پلە دەنگی (فاکاردێز، سۆڵ، لا، سی بیمۆڵ، دۆ دێز، ڕێ، مــی). بۆیە بێ شك دەزانین کە ئەم ئاوازە لەسەر پلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ڕاستە لە سەر پلەی ڕێ جا ئەو میانە دەنگیانە لە ڕۆژهەڵات نازناوی هوزام یان رحة الارواح یان سۆزناك یان عنبەرئەڤشان لەخۆدەگرن .

5- زێنەبێ

تەمێك ئەمنی داگرتووە وەك تەمی قورقوڵاغێ

کراسێکی بۆدەکڕم لەسەرمۆدی سابڵاغێ

شەرتەبیمە باغەوان جارجاریێتەناو باغێ

زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە

ئومەتی محمدم جالەدینم وەر مەگێڕە




وێنەی ژمارە (٩) نۆتەی گۆرانی زێنەبێ.

## سکێڵەکەی:




وێنەی ژمارە (١٠) سکێڵی گۆرانی زێنەبێ.

گەرسەیری ئەو ئاوازە بکەین دەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێك دێن لە پلە دەنگییەکانی (لا، سی کاربیمۆڵ، دۆ، می ناتوڕال). دەرکەوتوە کە پەیژەی مۆسیقای ئەم ئاوازە لە سەر پلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ڕاست دۆیە کە بەیات لەسەر پلەی لا دەکا، پلەی پێنجەمیشی چارەگە دەنگێك بەرزکراوە بۆیە بە دڵنیایەوە دەڵێم کە نازناوی پەیژەی مۆسیقای ئەم گۆرانییە بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کەنزازە کە هەمویان هەمان میانەی پلە دەنگیان هەیە.

## 6- دەنگی قوڵنگان

عیشق بێچارەکردوم سوتاوم لەوێـــــــــــــــــدا

زوڵفت بادەیشەکێنێ بەکویستان و بەوێـــــــــــــدا

دەنگی بولبول و قومری دێ دەنیوەشـــــــــــــــودا

دڵ بە لێوئاڵی بەندە بۆیە شێت بووە دەوێـــــــــدا

کاغەزدەنوسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنـــــەوە

دەنگی قوڵینگان دێ لەهەوای دەڵێن کوێستانین دێنەوە




وێنەی ژمارە (١١) نۆتەی گۆرانی دەنگی قوڵنگان.

**سکێڵەکەی:**




وێنەی ژمارە (١٢) سکێڵی گۆرانی دەنگی قوڵنگان.

گەرسەیری ئەو ئاوازە بکەین دەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێك دێن لە پلە دەنگییەکانی (لا، سی کاربیمۆڵ، دۆ، ڕێ، می ناتوراڵ) پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە لەسەر پلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (دۆی ڕاست) کە بەیاتی سەر پلەی لا دەکات و پلەی پێنجەمیشی چارەگە دەنگێك بەرزکراوە دەرکەوتوشە کە بۆیە بە دڵنیایەوە ئەڵیم کە نازناوی پەیژە مۆسیقای ئەم گۆرانییە بەیاتی نەهاوەندیان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کەنزازە کە هەر هەمەموویان هەمان میانەی پلە دەنگیان هەیە.

7-ماڵی بابم بێ وەفا

| | |
|---|---|
| ماڵی بابم بێ وەفـــا | سەبرم نەما تاکەی جەفــــا |
| سینگت باغی بێ سەفا | لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم |
| گەوهەری یەك دانەیە | دەم قەند و ڕوو ماهی تابانم |




وێنەی ژمارە (١٣) نۆتەی گۆرانیماڵی بابم بێ وەفا.

**سکێڵەکەی:**



وێنەی ژمارە (١٤) سکێڵی گۆرانی ماڵی بابم بێ وەفا.

گەرسەیری ئەو ئاوازەبکەین دەبینین کە پلە دەنگیەکانی لەحەوت پلەدەنگی نێوان (لا، سی کار بیمۆڵ، دۆ،ڕێ)پلەی پێنجەمیشی پلە یەکی تەواوە بۆیە بە ئاسانی دەردەکەوێت کەپەیژەی بەیاتی سەرپلەی شەشەمی (دۆی ڕاست)ە. نازناوەکەشی وەك و لە مەوبەرباسمان کر هەر پەیژەی بەیاتی نەهاوەندیان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کەنزازە کە هەر هەموویان هەمان میانەی پلەدەنگیان هەیە.

## ٨- بابچینه نێو شلێران

دەترسم بمرم گیانه داخ له دڵم بێ ، داخ له دڵم بێ

خاکی غەریبی گیانه بەنسیبم بێ ، به نسبم بێ

وەرەوەره بابچینه نێوشلێران

وەرەوەره بۆلای منی ماڵ وێران




وێنەی ژماره (١٥) نۆتەی گۆرانی بابچینه نێو شلێران

سکێڵەکەی:



وێنەی ژماره (١٥) سکێڵی گۆرانی بابچینه نێو شلێران

گەر سەیری ئەوئاوازەبکەین کە میانە پلە دەنگیە کانی حەوت پلە دەنگیە بەڵام بەهەست کردنی گوێ دەردەکەوێ ئەو پەیژە مۆسیقایە لەسەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی پەیژەی ڕۆژهەڵاتی بنیات نراوە واتە لەسەرپلە دەنگی لا کە پلەی شەشەمی پەیژەی ڕاستە بەڵام لەبەرئەوەی پلەی پێنجەم و شەشەمی پەیژەی (بچوك) بەیاتە کەچارەگەپلەدەنگیەك بەرز کراون ئەبێ ئەم پەیژە مۆسیقایە نازناوی بەیاتی ڕاست یان بەیاتی موحەیەر یان بەیاتی حوسەینی یان بەیاتی سێگا یان عاشقی تورکی وەربگریت.

## ٩- سەرلەسەر ڕانی

زۆرم حـــــــــەوڵ لەدوادا          سەر لە سەر ڕانی تاکوبەیانی

بومە میوانی نازەنینـــــــــــێ          بێ وەفابووی نەم زانـــــــــــی

سەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی          بومە میوانی نازەنینـــــــــــێ




وێنەی ژمارە (١٦) نۆتەی گۆرانییەکە

سكێڵەكەی:




وێنەی ژمارە (١٧) سكێڵی گۆرانییەكە

گەرسەیری ئەوگۆرانییە بكەین دەبینین كەئاوازەكەلەسەرپلەی شەشەمی پەیژەی( صۆڵی گەورەی ڕۆژهەڵاتیە كە پەیژەی ڕاستی پێ دەڵێن ئەم پەیژەیەش تاكە پەیژەیە كە هەردوو هێمای فا كاردێز و سی كاربیمۆڵ ئەگرێتەخۆی) بنیات نراوە كە ئەكاتە پەیژەی بچووك لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست بەیاتی پێدەڵێن.لەبەرئەوە لەسەرپلەی شەشەمی صۆڵی گەورە (ڕاست) بنیات نراوە. گەرسەیریش بكەین دەبینین كەمەودای ئاوازەكە پڕاو پڕی پەیژەمۆسیقاكەیە. واتە میانەكانی ئاوازەكە لەپلەدەنگی یەكەمی پەیژەكەوە دەست پێدەكات كە پلەی (مـــی) یەو و بەرز بونەوەی تێدایە تا پلەی كۆتایی (حەوتەمی) پەیژەمۆسیقاكە لە كۆتایشدا بەپلەی بنكە (مـــی) كۆتایی بە ئاوازەكە هاتووە. نازناوی ئەم پەیژەیەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی كورد یان كنزاز لە هەندێ شوێندا یان بەیاتی عەجەم یان شاورگ دیسان بەیاتی چوارگا یان عرزبار بەناوبانگە، كە هەر هەمویان هەمان میانەی مۆسیقایان هەیەتەنهازۆر و بۆری ناوەكانە لەمۆسیقای ڕۆژهەڵاتی بۆیەك جۆرپەیژە.

١٠- مەستورەی ئامان

ئەوساڵ حەت ساڵە لەمن ڕەفیقە

مستورەی ئامان مەستورەی گیان

شادی بێ مەیلە دەی بێ دەقـــیقـە

مەستورەی ئامان مەستورەی گیان.




وێنەی ژمارە (١٨) نۆتەی گۆرانییەکە

## سکێڵەکەی:




وێنەی ژمارە (١٩) سکێڵی گۆرانییەکە

گەرسەیری ئەوگۆرانییە بکەین دەبینین کەئاوازەکە لەسەرپلەی شەشەمی پەیژەی (صۆڵی گەورەی ڕۆژهەڵاتی بنیادنراوە. کە پەیژەی ڕاستی پێ دەڵێن ئەم پەیژەیەش تاکە پەیژەیە کە فا کاردێز و سی کاربیمۆڵ ئەگرێتەخۆی). کە ئەکاتە پەیژەی بچووك لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست بەیاتی پێدەڵێن. لەبەر ئەوە لەسەرپلەی شەشەمی صۆڵی گەورە (ڕاست) بنیات نراوە. گەرسەیریش بکەین دەبینین کەمەودای ئاوازەکە پڕاو پڕی پەیژەمۆسیقاکەیە. ، واتە میانەکانی ئاوازەکە لەپلەدەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێدەکات کە پلە دەنگی (مـــی) یەو و بەرزبونەوەی تێدایە تا پلەی کۆتایی (پێنجەمی) پەیژەمۆسیقاکە لە کۆتایشدا بەپلەی بنکە (مـــی) کۆتایی بە ئاوازەکە هاتووە. نازناوی ئەم پەیژەیەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزاز لە هەندێ شوێندا یان بەیاتی عەجەم یان شاورگ دیسان بەیاتی چوارگا یان عرزبار بەناوبانگە کە هەر هەموویان هەمان میانەی موزیکییان هەیە.

# بەشی چوارەم

## ئەنجامەکان و پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ لایەنی سودمەند لە توێژینەوەکە

ئەنجامەکانی توێژینەوە

پێشنیار

ڕاسپاردە

لیستی سەرچاوەکان

# ئەنجام

بێگومان هەموو کارێکی لێکۆلینەوە بۆ ئەوەیە کە توێژەر بگەیەنێتە ئەنجامەکان، گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەمان لە خالانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە.

1- مامڵێ خاوەن شێوازێکی قەتاری تایبەت بە خۆیەتی کە جیاوازە لەگەڵ قەتاری ناوچەی گەرمیان. شێوازێکی هەیە لە قەتار دا پێی دەلێن قەتاری (مامڵێ) ئێمە لەگەرمیان قەتار و خاوکەرمان هەیە قەتار خاوکەر فۆرمێکە تایبەت بە ناوچەی (گەرمیان) بەڵام کە دەچینە ڕۆژهەڵات هەموو باسی قەتاری (مامڵێ) دەکەن. (مامڵێ) لە سێ یان چوار دەنگی بەیات تەنانەت لە مصیرەکان لەدەنگی شەشەم و حەوتەم لەوانە قەتاری جیا جیای گوتووە لەسەر پەیژەی نەهاوەند عەجەم تەنانەت لەسەر حیجاز لەسەر کۆمەلێك پەیژەی جیا جیا قەتاری چریوە بۆیە دەلێن (مامڵێ) شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە. بۆ نمونە ئەو قەتارانەی کە ماموستا (علی مەردان) وتوویەتی، سێ چینن. چینی یەکەم و دووەم (بەیات) ە وچینی سێیەم (حیجازە) کەپێ ی دەلێن خاوکەر. (مامڵێ) لەسەر یەك چین و مەقامێك قەتاری چریوە بۆ نمونە چۆن لەهەولێر (بەیات) هەیە پێیدەڵێن (حەیران ) یان لەسلێمانی پێیدەڵێن (سەفەر).(مامڵێ) لەسەر چوار دەنگی بەیات یان لە مصیرەکان لەدەنگی شەشەمو حەوتەم لەوانە قەتاری جیا جیای چریوە. لەسەر پەیژەی (نەهاوەند، عەجەم) تەنانەت لەسەر دەنگی (حیجاز) یشقەتاری چریوە. بۆیە دەلێن (مامڵێ) شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە. کەتەنیا ئەو وای چریوە و تایبەتیشە بەناوچەی (موکریان).وەبەشێکی ئەو قەتارانەی (مامڵێ) گوتویەتی هی خانەقاکانی کوردستانە بە نمونە (لاوە هەی لاوە ) بەدوو شێوە وتراوە شێوەیەکی شیخانییە کەهی ناو تەکیەو خاەقایە وشێوەیەکی دڵدارانەیە.

2- لە کاتی لاوی لە سەر پلەی سی گۆرانی ووتوە، بەڵام لەگەڵ بە ساڵاچونی کەمێك توانای ووتی کەم بوو.

3- تونیویەتی هەموو شێوازە مەقامییەکان بڵێت و شارەزایی باشی لە ناسین و ووتی مەقامەکاندا هەبووە.

# پێشنیار

لە کۆتاییدا توێژەر بە پێویستی زانی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە سەبارەت بە ئەنجام و کاری ئەم توێژینەوەیە ئاراستەی خوێنەران بکات.

1- خوێندکارانی هونەرەجوانەکان سود لەم هەنگاوەی توێژەر وەربگرن، ئاستی زانستی و ڕۆشەنبیری خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن.

2- لە لایەن دانەرانی موزيك گرنگی زیاتر بە بەرهەمەکانی ماملێ بدرێت، هەوڵبدرێت بکرێنە مۆتیڤی دانراوەکان و کاری جوان و دانراوی کوردییان لێ دروست بکرێت.

3- میدیاکان ئەم گۆرانییانە دوبارە بگەڕێننەوە پەخشەکانیان و ئەم ڕەسەنایەتییە جوانە بە گەنجانمان ئاشنا بکەوە و لە بیر نەکرێت.

4- ساڵانە لە ڤیستیڤاڵە هونەرییەکان ئەم ماملێ وەك کەڵە هونەرمەندێك لە بیر نەکرێت.

# ڕاسپاردە

بە مەبەستی بایەخدان بەو لایەنانەی کە لەم بوارە توێژەر مەبەستییەتی کاری زیاتری لە بارەیەوە بکرێت، بە پەسەندی زانی چەند ڕاسپاردە و بیرۆکەیەك بۆ کارکردنی ئایندە بخاتە ڕوو.

1 - خوێنەرانی موزیك بایەخ و گرنگی زیاتر ە کارەکانی مامليَ بدەن و لە دروست کردنی کاری موزیکی بیانکەن بە هەوێن.

2 - توێژەران سود لەم توێژینەوە وەرگرن بۆ ئەنجامدانی کاری گەورەتر لە بارەی هونەرمەند.

# لیستی سەرچاوەکان

## کوردییەکان


حسین.مەحەمەد، 1983، بازی بێرییان، قەڵادزێ، چاپخانەی قەڵادزێ.
قارەمانی.هیوا، 1990، یادی بەخێر، مەهاباد، چاپخانەی مەهاباد).
کەساس.مەحەمەد، 1979، مامڵێی هونەرمەند، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی).
ڕەسوڵ. شوکرییە، 2009، یادی ئازیزان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ).
حەمە.باقی، 2011، موزیك و گۆراتی کوردی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی).
ئەیوبیانی. سید عەبدوڵلا، 2012، دیوانی وەفاییی، هەولێر، چاپخانەی هاشم).


## چاوپێکەوتنەکان


ئەحمەد. وریا، (2020) 18. May، گفتوگۆی تۆمارکراو ماڵی خۆی.
مەحەمەد. نایف، (2020)، 17. May، گفتوگۆنتۆمارکراو چایخانەی مەچکۆ.
کۆیی. ئاراس، (2020)، 12. May، گفتوگۆنتۆمارکراو چایخانەی مەچکۆ.


## سایتە ئەلیکترۆنییەکان


www.mamele.2020:online